پۆڵ ستراتێرن

# سارتەر

## -سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەكەی-

وەرگێڕانی
ئازاد بەرزنجی

سلێمانی ٢٠٠٢

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**ناوی کتێب:** سارتەر

**نووسینی:** پۆڵ ستراتیرن

**وەرگێرانی:** ئازاد بەرزنجی

**بابەت:** فەلسەفە

**مۆنتاژی کۆمپیوتەری:** تاڤگە فائق

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن:** ٣٤٤ ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٧)**
**www.sardam.org**



**جان پۆڵ سارتەر**

**١٩٠٥-١٩٨٠**

# پێڕست

پێشەکی........................................ ٥
ژیان و کارەکانی سارتەر........................ ٩
هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی سارتەر...... ١٠٠
کرۆنۆلۆژیای ڕووداوە فەلسەفیە گرنگەکان... ١٠٤
ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی سارتەر............ ١١٠

## پێشەکی

جـان پــۆل ســـارتەر لـــە ســـەردەمی خۆیـــدا خۆشەویستترین فەیلەسوفی مێژوو بوو. کارەکانی لـە نێو قوتابیانی زانکۆ و ڕۆشـنبیران و شۆڕشـــگێڕان و تەنانـەت لـە نێــو خــەڵکی عەوامیشـدا، لــە تــەواوی دونیـــادا ناســـراو بـــوو. ئـــەم خۆشەویســـتییە بـــێ نموونەیـــە بـــۆ ســـارتەر بـــۆ دوو هـــۆی ســـەرەکی دەگەڕایـەوە کـە هیچیـان پـەیوەندیی بـە دەســـەڵات و توانای سارتەرەوە نـەبوو وەکو فەیلەسـووفێك. هـۆی یەکەم ئەوە بوو کە سارتەر لە کـاتێکی زۆر گونجـاودا زمانحـــاڵی بوونگـــەرایی (ئێگزستانســـیالیزم یـــان وجودیـەت) بـوو، ئـەو کاتـەش کـاتێك بـــوو کـە ئـــەم

فەلسەفەیە ئەو بۆشاییە دەروونی و مانەوییەی پڕ دەکردەوە کە لە ساڵانی پاش دووەمین جەنگی جیهانیدا لە ئەورووپادا هاتە ئاراوە. هۆی دووەمیش هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکەی بوو لە ساڵانی نیوەی دووەمی ژیانیدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی گیڤارا و جەنجاڵیەکانی قوتابیان لە سەرتاسەری دونیادا و هاوهەستی لەگەڵ شۆڕشی ڕۆشنبیریی چینی کۆمۆنیستدا.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەبێت سارتەر دەربارەی زۆربەی شتەکان دەینووسی، بەڵام لە پراکتیکدا دەرکەوت کە لە زۆربەی شتەکانیدا بە هەڵەدا چوو بوو. فەلسەفەکەی سەرەتای ژیانی مەسەلەیەکی جیاوازە. دەشێ ئەو یەکەمین بوونگەرا (ئیگزستانسیالیست - وجودی) نەبوو بێت، بەڵام یەکەمین کەس بوو کە بە ئاشکرا ئەم مۆرەی بە خۆیەوە نابوو و پیی قبووڵ بوو. خۆیشی یەکێك بوو لە بە تواناترین بانگەشەدەرانی ئەم ڕێبازە. توانای سارتەر لە گەشەدان بە ئایدیا فەلسەفیەکان و پیداویستیەکانیان بە دریژایی سەدەی بیستەم، توانایەکی بێ هاوتا بوو، بەڵام هەموو ئەو شتانە بە تەنها لە ریی هێزی خەیالی ئەوەوە ئەنجام دەدران،

نەك لە ریی هیزی شیكردنەوەوە. هەرلەبەرئەمەشە كە زۆر لەبیرمەندە سونەتی (تەقلیدی)ەكان بە بێ ریزی و بیدەربەستییەوە ئەویان فەرامۆش كردووە. ئەم بیرمەندە سوننەتیانە ئەوانە بوون كە لەو بروایەدا بوون نە سارتەر و نە بوونگەرایی پەیوەندییان بە فەلسەفەی راستەقینەوە نییە.

بوونگەرایی فەلسەفەیەكە كە دوا بەرجەستەبوونی ئازادیی مرۆڤە. جولیت گریكۆ (*Juliette Greco*)ی ستڕانبیژی ناسراوی یانەكانی شەوان، لە گۆرانییەكانی خۆیدا بە ئاسانی گوزارشتی لەم فەلسەفەیە كردووە: "مرۆڤ بریتییە لەو شتانەی ئەنجامیان دەدات".

بوونگەرایی دەشێ بە سادەیی و رووكەشیی ئەم رستەیە بیت و، لە هەمانكاتدا دەشێ لەسەر دەستی سارتەر ببیتە فەلسەفەیەكی سەرەكی و پر ناوەرۆكی هاوچەرخ. ئەم فەلسەفەیە فەلسەفەی "مرۆڤ لە پراكتیكدا" بوو، یان وەكو رەخنەگرانی دەلین، دوا تیۆرەی ناوەوە بینی بوو. بەلام هەموو بروایان وایە كە بوونگەرایی لەسەر دەستی سارتەر گۆرا بۆ شۆرشیك دژ بەو پیودانگە بۆرجوازییانەیەی كە لە سالانی پاش دووەم جەنگی جیهانیدا لە ئەورووپادا باو

بـوو. بۆرجـوازی (کـه لـه بنــەرەتدا بریتـی بــوون لــه چینـی ناوەراسـت) گەیشـتە ئـەوەی نوینــەری هــەموو ئەو پیودانگانە بیت کە لە بوونگەراییدا نـەبوو، بـەو مانایەی کە ئەستەم بوو گەر کەسیك بۆرجوازی بیت لە هەمانکاتدا بوونگەراش بیت.

## ژیان و کارەکانی سارتەر

جـان پـۆڵ ســـارتەر وەك بۆرجوازییـــەك هاتـــە دونیـاوە. لـە سـالی ١٩٠٦دا بـاوکی کـە ئەفســەریکی لاو بوو لە هیزی دەریاییدا و لە کاتیکدا سارتەر تەمـەنی یـەك سـاڵان بـوو؛ ئـەو دوای تووشـبوونی بـە(تـا) تـا کۆچـی دوایـی کـرد. سـارتەر بـەمجۆرە باسـی ئـەم رووداوە دەکـات "گرنگــترین رووداوی ژیـانی مـــن.. ئەگەر باوکم بمایە جلـەوی دەگـرتم و منـی دەخستە ژیـر گوشـارەوە". سـارتەری بیبـەش لـەم فـەنتازیا ئۆدیپییە (*Oedipal Fantasy*) لافی ئـەوەی لیـدەدا کـە بـــەبێ هیـــچ تاقیکردنەوەیـــەك یـــان هەســـتیکی گویرایەلیکردنی منالانە؛ گـەورە بـوو. "نـە منـی بـالا

(*superego*) و نە توندوتیژی". حەزی بە هیچ جۆرە بەکاربردنیکی دەسەڵات نەدەکرد چ لە لایەن ئەوانی ترەوەو چ لە لایەن خۆیەوە سەبارەت بەوانی تر. ئەم منالییە پاکژەی کە رقیکی ئەستووری بۆ بۆرجوازی (و تەواوی ئەو رەفتار و پیودانگانەی چینی ناوەراست کە لەگەڵ ئەم تویژە شایستەیەی کۆمەلگادا ویکدەهاتەوە) لەگەڵ خۆیدا هەلگرتبوو، هەروەها پیویستیی بەردەوامی بۆ ململانێ لەگەڵ هەموو جۆرە دەسەڵاتیك و مەیلی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دەروونی بەسەر هەر کەسیکدا کە لیی نزیك دەبۆوە؛ زۆر جیی سەرسامی بوو. سارتەر بە زیرەکیەکی بلیمەتانەوە لە بیرو بۆچوونە ئالۆزەکانی خۆی دەکۆلیەوە. بەڵام شتە سادە و باوەکانی فەرامۆش دەکرد.

ئان ماری، دایکی سارتەر لەگەڵ منالە پاکیزەکەیدا بەرەو مالی باوکی چووەوە لە دەوروبەری پاریس، تا لەگەڵ باوکیدا (واتە کارل شڤایتزەری مامی د. ئەلبیرت شڤایتزەر) بژی. باوکی نموونەی کاملی رۆحیەتی باوکسالاریکی فەرەنسایی ئەو سەردەمە بوو. ئەو هەمیشە جلوبەرگی شیکی دەپۆشی و کلاوی پەنەمایی دەکردەسەر. لە مالیکدا

که هەموو شتیك تیایدا ژنانە بوو؛ قسەی ئەو یاسا بوو. بەردەوامیش خیانەتی لە ژنەکەی دەکرد. سارتەر لە ژیاننامەکەی خۆیدا (واتە وشەکان) بەمجۆرە وەسفی دەکات "پیرەمیردیکی بۆشناخ کە ریشیکی سپیی بەردابۆوە و بەردەوام چاوەریی دەرفەتیك بوو بۆ خۆنواندن.. بە جۆریکیش رەفتاری دەکرد کە هەر دەتوت خودای گەورەیە".

لیرەدایە کە رۆلیکی دەسەلاتخواز لە تەواوی ئەکتەرەکاندا بە دەردەکەوێ، بەلام سارتەر نکوولی لە رۆلی دەروونیی بێ مانای باپیرەی خۆی دەکرد. هەروەکو منالی ئەو مالە رەفتار لەگەل سارتەری لاو و دایکیدا دەکرا.

هەر بۆیە سارتەر زیاتر بە چاوی خوشکیکی گەورەوە نەك دایکەوە سەیری دایکی خۆی (واتە ئان ماری) دەکرد. بە پیچەوانەوەی ئەو رۆلی باوکانەیەشەوە کە ئەو لافی ئەوەی لیدەدا کە پیویستی پێ نییە؛ ئەم سیمای (خوشك - دایك)یتییە بۆ تەواوی ژیانی داهاتووی بوو بە پیداویستیەکی بنەرەتی. بە رەچاوکردنی وەسفی کەسانی دی و خۆیشی، وا دیتە بەرچاو کە قۆناغی منالیی سارتەر خۆش و لەزەتبەخش بوو بیت. لە

کاتیکـــا کـــە لـــە نیـــو ئافرەتـــە میهرەبانـــەکانی دەوروپشتیدا گەورە دەبوو؛ زۆر خیرا "خـود"ی ئـەو گەشەی کرد تا قەرەبووی کەمایەسیی بـۆ توخمـی لـە خۆی بەرزتر (مەبەسـت لـە باوکـە -و-) بکاتـەوەو تـا گەیشـتە ئـەوەی ئـەم منالـە پاکیزەیـە لافـی ئـەوەی لیـدەدا کـە "بلیمەتـە". کـەس نـەبوو نکوولـی لـەوە بکات. تەنانەت باپیرەشی کاتێ دەیگرتە باوەشی؛ پیی دەوت "گەنجینـە بچکۆلەکـەم". دواتـر سـارتەر بـە دەبەنگیـە تایبەتیەکـەی خۆیـەوە دەیـوت "رقـم لـە قۆناغی منالیم و هەموو بیرەوەرییەکانیتی".

ریـــك بـــە پیچەوانـــەی ئـــەو منالـــە بـــەناز پـەروەردەکراوە خەلەتینراوانـەی کـە دەگەنـە ئـەو ئەنجامەی گوایە بلیمەتن، سارتەر هەر بەراستی بۆ بینینـی رۆلی بلیمـەت خـاوەنی خـەیاڵ و داهینـان و سەبر و هۆشیکی دانسقە بـوو. سـارتەری لاو زۆر بـە خیرایی دەفتەرەکانی سـەعیکردنی قوتابخانـەی یـەك دوایـەك بـە چـیرۆکی دریـــژ پـــر لـــە بەســـەرهاتی قارەمانانە پر دەکردەوە.

هـەر لـەو رۆژانـەدا بـوو کـە سارتەر شـتیکی لـێ بەسەرهات و سیمای ئەوی بۆ هەمیشە گۆری. وەختێ کە لە پشووی رەسمیدا کاتی خۆی لای کـەنار دەریـاوە

بەسەر دەبرد، تووشی ئینفلۆنزا بوو. ئەو رۆژانە زۆر زیاتر لە رادەی پێویست رێز لە پزیشکی دەگیرا. هەر بۆیە ئەم ئینفلۆنزایە بووە هۆی نەخۆشیی ئالۆزتر و تا گەیشتە ئەوەی لە کۆتاییدا سارتەر تووشی لۆکۆما (پەڵەی سپی) بوو لە چاوی راستیدا و ئەمەش بووە هۆی خێلبوونی ئەو چاوەی و بەشێك لە توانای بینینی. بە زمانیکی سادەی دوور لە پزیشکی چاویکی کوێر بوو و خێلیتی‌یەکەشی سەیر بوو. بەڵام بابەخدان بە خود بە ئاسانی دەتوانێ بەسەر ئەم خەوشانەدا زاڵ بێت و سارتەر توانیی درێژە بە منالیی شاد و خۆشی خۆی بدات.

پاش ماوەیەك رووداویکی ناخۆشی تری بەسەرهات. دایکی بە جەسارەتیکی بێ هزرانەوە ویستی شووبکاتەوە. سارتەر دەترسا و هەستی دەکرد چیدی جێی بایەخدانی دایکی نابێت. خانم "مانسی"ی نوێ لەگەڵ مێردە داگیرکەرەکەیدا، واتە جۆزیف، بەرەو بەندەری راشیل چوون، کە شوێنیکی دوور بوو. سارتەری ناشرین و خێلیش کە ئەو دەمە تەمەنی دوانزە ساڵان بوو لەگەڵیاندا چوو بۆ ئەوێ. سارتەر لە ژیاننامەکەی خۆیدا کە لە تەمەنی پەنجا سالیدا نووسیویەتی بە روونیەکی وەهاوە سەبارەت

به باوه پیاره چل و سێ ساڵەکەی خۆی دەنووسیت کە نیشانەی هەستی قووڵی ئەوە: "دایکم بۆ خۆشەویستی شووی بە باوەپیارەکەم نەکرد.. ئەو پیاوێکی خۆش مەشرەب نەبوو.. کابرایەکی درێژ و باریك، سمێلێکی رەشی هەبوو.. دەموچاوێکی ناهاوسەنگ.. لووتێکی تا بڵێی گەورە" مسیۆ مانسیی بۆرجوازی و ستەمکار بە شێوەیەکی ئایدیالیانە بۆ رۆڵی باوەپیارەیەکی خراپ هەڵبژێردرا بوو. کابرایەکی دەوڵەمەند بوو و لە ڤیلایەکی گەورەو خۆشدا دەژیا. ئەم باوە پیارەیەی هاووڵاتیەکی ناسراو بوو لە شاردا و وەکو شارییەك لە خۆباییبوونی تیا بوو.

جۆزێف مانسی سەرۆکی کارگەیەکی خۆماڵیی دروستکردنی کەشتی بوو. زۆر چالاکانە و بە شێوازی سەرمایەدارێکی کۆن کارگەکەی خۆی بەرێوەدەبرد. (کە هەرەشەی مانگرتن دەکرا؛ کارگەکەی دادەخست تا برسێتی مەسەلەکەی چارەسەر دەکرد). هەموو رۆژێك دەمەو ئێوارە سارتەری دەبرد بۆ هۆڵە بەباق و بریقەکەی خۆی تا لەوێ وانەی زیادەی جەبر و ئەندازەی پێ بڵێتەوە. شێوازی وانە وتنەوەکەشی

وەکو ڕەفتارەکانی تری تەواو تەقلیدی بوو؛ هەر هەلەیەك زللەیەکی بەدوادا دەهات.

هەر لەو ڕۆژانەدا، ئەم کوریژگە هۆشیارە، بە پانتۆلە کورتە پاریسیەکانیەوە دەبووە مایەی گاڵتە پیکردنی هاوپۆلەکانی کە هیندەی ئەو شیکپۆش نەبوون. ئەم ئەزموونە ناخۆشە بووە هۆی ئەوەی گۆشەگیر بیت و لە هەمانکاتدا لە خودی خۆی وردبیتەوەو ڕابمینیت. بەڵام ئەم شتانە سارتەریان تیکنەشکاند و ئەو بایەخدانەی بە خودی خۆی بەرەو سەربەخۆیی فیکریی تەواوەتیی برد.

هاوپۆلە زیرەکەکانی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەم کوریژگە کورتە باڵا لاواز و شیکە، کە دەموچاوی لە هی بۆق دەچوو خاوەن هۆشیکی دانسقەیە - گەرچی لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا سەرکەوتوو نەبوو (لەوانەیە ئەم باشترین بیرمەندەی فەرەنسا لە نەوەکەی خۆیدا، هەر بە هۆی ئەو وانە وتنەوە بەردەوامەی باوەپیارەکەشیەوە بووبیت کە نەیتوانیوە لە ناو سییەکی سەرکەوتووی پۆلەکەیدا بیت). سارتەر زۆر بە باشی ڕۆلی دوو لایەنەی بلیمەتیکی هەڵاتوو لە پۆلی دەبینی. ئەو قوتابییەکی عەینەك لە چاوی پیست پەلە پەلەی ناشرین بوو کە

هەموو شتیکی دەزانی (دەیویست لـەوەش دلنیـا بیـت کە هەموو ئەوانی تریش ئەم راستییە دەزانن)، بەڵام بـە ئاشـکرا خـووی بـە لـە دەسـتدانی دەرفـەت و هەلەکردنەوە گرت.

ئـەم بەسـەرهاتە سـەلمینەری ئـەم راسـتییەیە (سەرچاوەی ئەم بەسەرهاتەش سارتەر خۆیەتی پاش چل سـاڵ). سـارتەر وەکـو هـەموو کورەکـانی تـری قوتابخانە خەونی بە ئافرەتەکانی گەرەکی *Red Light* ەوە دەبینی. تەسەورو توانا نا ئاساییەکانی بووە هۆی ئـەوەی زوو بـۆری قوتابیـەکانی تـر بداتـەوە. ئـەو دەلیـت: "پیـم وتـن لەگـەڵ ئـافرەتیکدا کـە لـە شـەقامیکدا ناسـیم چووم بـۆ ئوتیـل و ئـەو کارەمـان کرد کە خەلکانی تر لافی پیوە لـێ دەدەن.. تەنانـەت داوام لـە خزمەتکارەکـەی دایکـم کـرد نامەیـەکم بەمجۆرە بۆ بنووسیت: (ئـەی ئـازیزترین کەسـی مـن، جـان پـۆڵ،...) کاتـێ هاوریکـانم لـیرەدا درۆکـەمیان کەشف کرد.. منیش دانم پیادانا و..تا ماوەیـەکی زۆر بوومە مایەی پیکەنینی قوتابیەکانی هاوریم".

رۆژگـاریکی زۆر سـەخت بـوو، یەکـەمین جـەنگی جیـهانی دەسـتی پـێ کردبـوو. بـاوکی گەلـێ لـە قوتابیـەکانی هـاوریی سـارتەر برابـوون بـۆ شـەر و

ئەوانیش لەگەڵ دایکیاندا دەژیان. کوشت و کوشتار و قـەتلوعامی ســـەنگەرەکان بـــەوە کۆتاییـــان هـــات کـــە هاوپۆلـە موسـیبەتبار و تازیبارەکـانی سـارتەر تونـدو تیژی و داخی دلیان بە هەر کەسیکی تر دەرشـت کـە لاوازتـر دەهاتـە بـەرچاو. وردە وردە سـارتەر توانیـی ببیتـــە خـــاوەنی جۆریـــك لەســـەر ســـەختی و لـــە کەســـیتییەکی دوو لایەنـــە. نەیدەویســـت ببیتـــە کەسیکی سەر بە گروپیکی دەبـەنگی بـی هـزر. بـەلام هەمیشە حەزی دەکرد لیی رازی بـن. ئـەو دەیویسـت خۆشەویست بیت، بەلام لە ریی خۆیەوە. بە دریژایی ژیانیشی ئەم دوو دلیەی لەگەلدا مایەوە.

بەلام ئەم کورەی کە لە بۆق دەچوو لـە خـەلوەتی ژوورەکـەی خۆیـدا شـازادەیەك بـوو بـۆ خـۆی. کاتـێ لەسەر میزی نووسینەکەی دادەنیشت بـەردەوام دلـی خۆی دەدایەوە "من بلیمەتم" لە راستیشدا بـەردەوام دەیویســـت ئەمـــە بســـەلمینیت. وردە وردە چیرۆکـــە رۆمانسـیيەکانی دەفتـەری ســـەعی جیـــی خۆیـــان بـــۆ برگەکانی ژیننامە چۆڵ دەکرد. بەلکو ئەو دەستی بە نووسـینی رۆمـان کردبـوو و بـەر لـــەوەی پـێ بنیتـــە تەمـەنی چـواردە ســـالیەوە دووەمـــین رۆمـــانی خـــۆی نووســـیبوو کـــە (*Goetz von Berlichingen*) بـــوو و

سەبارەت بە ستەمکارێکی ئەڵمانیایی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.

ئەم ڕۆمانە کاتێ دەگاتە ترۆپك کە دەستوپێوەندەکانی ئەم کابراستەمکارە ڕادەپەڕن و هەرچی کارگە خۆماڵیەکان و کارگەکانی چنین هەیە (ئەم کارگانە لە زۆر ڕووەوە لە کارگەکانی دروستکردنی کەشتی دەچن) لە ناوی دەبەن. سەرەنجام کابرای ستەمکاریش بەشێوەیەکی کارەساتاوی دەکوژرێ: سەری خراوەتە کونی سەعاتێکی سەربالەخانەی کڵێسایەك (لەسەر ژمارە دوانزدەکە)، بە جۆرێك کاتێ هەر دوو میلەکە لە سەعات ١٢ دا لەیەك نزیك دەبنەوە، لە دوا چرکەکانی سەعات ١٢ دا و لەو پەڕی ئازار دا سەری لە لەشی جیا دەکەنەوە.

نا ئارامی، توندو تیژی و توند ڕەوییەکی مەرگهێن نیشانە دیارەکانی قۆناغی باڵقبوونی ئەم نووسەرە بوون، کە لە کارەکانیدا هەموو ئەو هەژان و خرۆشانە ڕاستەوخۆیانەی سەرەتای لاوێتیی تیایاندا پاراستبوو. ئەو ئازارە توندانەی نەوجەوانیی سارتەر، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبوون، بۆ هەمیشە کاریگەرییان لەسەری جێهێشت. ئەم هەستانەی لەو

سالآنەدا ئاویتەی کۆمەلیك پرسیاری هۆشیارانەی فەلسەفیش بووبوون. هەلکەوتوویی سارتەر زیاتر لە بەتوانابیدا بوو لە پاراستنی ئەو ئاویتەیەو هەروەها ئەو هیزە عاتیفی -فیکرییەی کە لییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەموو ئەمانەش لە هۆشیکی لاودا کە بە وریایی و سەرسامیەوە هەنگاوی دەنا.

لە سالی ١٩١٩دا سارتەر لە جزدانەکەی دایکی دەستی کرد بە پارە دزین، بۆ ئەوەی هاوپۆلەکانی بەلای خۆیدا رابکیشیت دەچوو ئەو پارەیەی دەدا بە کیکی کریمداری بە چیژ و خواردنەوەی جۆراو جۆر و بەرەو هەواریکی ناوخۆیی دەرۆیشتن. ئەو لەزەتانەی سارتەر لەم قۆناغەدا تامی دەکردن؛ بەردەوام هەستکردن بە گوناه و نا ئارامیەکیان لەگەلدا بوو. ئاویتەیەکی عاتیفیی خەمهینی دی دەرۆیشت کە هەلگری ناوەرۆکیکی تری دووبارەبوو: شیرینییەکی بێ سۆز و هیلنجدان.

سەرەنجام فیلەکەی سارتەر ئاشکرا بوو و سەرلەنوێ بووەوە بەمایەی گالتە پیکردنی هاوپۆلە نمەك بە حەرامەکانی و هات و هاواری دایك و باوك. لەبەر کۆمەلیك هۆ سارتەر داوای کرد بگەریتەوە بۆ

پاریس و پیی باشتر بوو لەگـەڵ باپـیرەیدا بـژی نـەك لەگەڵ باوەپیارەكەیدا.

ئیدی سارتەری یاخی وردە وردە فیربوو کـەی بـۆ یـاخیبوون گونجـاوترە. چ هەلومـەرجیك بـۆ یـاخیبوونی لـەو جـۆرەی ئـەو لـەبارترە، ئەمانـە هەنگاوی سەرەتایی بوون بۆ چوونە ناو ململانییەكی دریژخایەنـەوە. لـە پـانزەدا سـالیدا سـارتەر قوتـابیی هەفتانـەی قوتابخانـەی "هیـنریی چـوارەم" بـوو، کـە قوتابخانەیـەكی دیـار بـوو. بـە خولیایـەكی زۆرەوە دەستی بە خویندنەوەی ئەو کتیبە ئەدەبییـە جـۆراو جۆرانـەی کـرد کـە زۆربـەیان لـە سـەروو توانـای پەیبردنی عاتیفی یان فیكریی ئەوەوە بوون. هەر لەم قۆناغەدا بوو کە نووسـینەکانی رووپـانکردە رسـتەی کـورت و رامـانی فەلسـەفی. پیناسـەکردنی بـۆ "خۆشەویسـتی" دەربـڕی ئاسـتی ئـەم بیروبۆچوونانەیەتی: "مـەیل و هەوەسـی ئـافرەت بـە وەسیلەیەك دەزانیت، نەك بە ئامـانجیك، لـە کـاتیكدا کە خۆشویستنی ئافرەت بـە ئامـانجیك سـەیر دەکـات نەك بە وەسیلەیەك".

هـەر وەکـو زۆربـەی لایەنـەکانی تـری ئـەمجۆرە روانینە قووڵە فەرەنسایيە، نووسین و بۆچوونـەکانی

سارتەر بەردەوام  لە نیوان جۆریك لە تەنزسازی و روانینیکی راستەقینەدا دەهاتن و دەچوون. مامۆستای فەلسەفەکەی بە تیگەیشتنیکی هوشیارانەوە باسی توانای ئەو لە بەکردەیی کردنی (پراکتیزەکردنی) زیاد لە رادەی ئەو ئایدیایانە دەکات کە بە ئەندازەی پیویست روون نەبوونەتەوە (تا ئیستاش بیر و بۆچوونی باوی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان سەبارەت بە تەواوی فەلسەفەکەی سارتەر لەسەر ئەم تیروانینە بەندە).

سارتەر تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بە سەرکەوتوویی تیپەراند؛ کە لە هەموو ولاتدا ئەنجامدەدران و، توانی جیی خۆی لە ئیکۆل نۆرمال سوپەریڤەردا دابین بکات.

بەلام تەواو بە پیچەوانەی ناوی "نۆرمال"ەوە (کە بە مانای سروشتی یان ئاسایی دێ -و-)، هیچ شتیك لەم قوتابخانەیەدا نۆرمال و ئاسایی نەبوو. ئەو قوتابخانەیەی کە هەلبژاردەترین قوتابیانی فەرەنسایی تیایدا دەیانخویند. ناوهینانی هەندێ لە هاوخولەکانی سارتەر لەم قوتابخانەیەدا بە باشی ئاستەکەیمان بۆ دەخاتە روو. کەسانیکی وەکو  ریمۆن ئارۆن و مۆریس میرلۆپۆنتی کە دواتر  بوون بە دوو

فەیلەسووفی بەناوبانگ. مرۆناس (ئەنترۆپۆلۆجیست)ی ناسراو کلۆد لیڤی شتراوس، بەرزترین (هەرچەندە گرژترینیشیان بوو) موتەکلیمی فەیلەسووفی سەردەمی خۆی؛ سیمۆن ڤیل، هەروەها سەرپەرشتیاری گەورەی داهاتووی هەمان قوتابخانە؛ جان هیپۆلیت و، پاشانیش فەیلەسووف و نووسەری ناودار سیمۆن دی بۆڤوار.

سارتەر لە نیوەندیکی گەرمی فیکریی وەهادا گەشەی سەند هەروەکو هاوریکانی دەلین، ریك لەو کاتانەدا کە دەستی بە قسە دەکرد ناشرینییەکەی دەموچاوی نەدەما. ئەم قوتابییە منالە عەینەك لە چاوە لە کافیتیریاکانی گەرەکی لیفت بانکدا دەدرەوشایەوە. هاوریکانی بەمجۆرە باسی دەکەن: "جگە لە کاتی نوستنی؛ هەمیشە بیری دەکردەوە". "لە هەمانکاتدا کە بیزاریی لە خۆی دەردەبری و تانەو تەشەری لە مەیلی خۆیشی دەدا، هیچ گومانیك لەوەدا نەبوو کە نەرمییەکی لە ناخیدا حەشاردابوو کە نەملی بۆ کەچ دەکرد و نە نکولیشی لیٚ دەکرد"

"ئەو هەمیشە باشترین و بەلکو بەخشندەترین هاودەمیك بوو تەسەوربکریٚ" خۆیشی دەلیت: "من هەزار سوکرات بووم". ئەو کە هۆش و گۆشی

کـردەوە؛ وردە وردە حــەزیکی ســەیری بــۆ بــیرە خواردنــەوە لا دروســت بــوو، بــە خۆشحالیشــەوە ســەرنجی دا هـەندێ ئـافرەتی لاو بــە بلیمەتییەکـەی سەرسام بـوون و ناشرینییەکانیشـیان هـەر بـە جـوان دەبینـی. دوای حـەزی بـۆ بـیرە خواردنـەوە، هـەر زوو توانـی لـە پــەیوەندیدا لەگــەڵ رەگەزەکــەی تــردا ســەرکەوتوو بیـت. بـەڵام هیچکام لەمانـە نـەیانتوانی تینویتیی ئەو بۆ کتیب و هزر و بیرکردنــەوەو زانـین لەناوبـەرن. ئـەو بیجگـە لـە کتیبــەکانی قوتابخانــەی هــەموو شــتیکی تــری دەخوینــدەوە، هــەر کتیــب و نووسراویکی بگەیشتایەتە دەست. قبوولنـەکردنی لـە دوا تاقیکردنەوەکاندا بووە مایەی سەرسورمانی خۆی و ئەوانەی دەوروپشتیشی. بەڵام دوا جار ئەم رووداوە وای لێ کرد کە لە سالی دواتردا بلیمەتیەکەی تۆزیك زیـاتر بچیتـە سـەر ریگـای ســەرەکیی خـۆی. لەگـەڵ ئەوەشدا کە لە تاقیکردنەوەکاندا قبووڵ نەکرا؛ بەڵام ســارتەر قوتابییــەکی دیــار و ناســراو بــوو. ببــووە خــاوەنی جەســارەتیکیش کــە ژیــانی قوتــابیتی لــە پاریس پیی بەخشـیبوو. وردە وردە سارتەر وازی لـە هـەندێ خـووی بۆرجوازییانــەی وەکـو حــەمامکردن هینـا و دەسـتی بـە سیغارکیشـان کـرد، کـە بیگومـان

بۆنەکـەی هینـد بـەهیز بـووە کـە بتوانیـت بۆنـی سـەرچاوە نزیکـەکانی تریـش بخاتـە ژیـر رۆشـنایی خۆیـەوە. ئـەو بـەردەوام لـە قاوەخانـەکانی گـەرەکی لاتینی شار دەبینرا کە لەگـەڵ هاوریکانیدا سـەرقالی بـاس و گفتوگـۆی رۆشـنبیرانە بـوون، کـە ماوەیـەك ریمـۆن ئـارۆن و میرلۆپۆنتیشـیان تیـابوو. فەلسـەفە تەوەرەی ئەم گفتوگۆیانـە بـوو. هیـچ هۆیـەك نـەبوو بۆچوونە ناو ئەم گروپەوە تەنها ئەوە نەبیت کە ئەو کەسە شتیك یان خالیکی گرنگ و تایبەتیی بۆ گوتـن پـێ بووایـە و بیتوانیبایـە لـە قـالبیکی رۆشـنبیرانەدا بیخاتە روو. لە یەکیك لەم رۆژانەدا بـوو کـە کچیکـی تەمەن بیست و یەك سـالی بـالاّ بـەرز و جیـددی، کـە خولیایەکی شایانی بۆ فەلسەفە هەبوو هاتە نـاو ئـەم گروپـەوە. ئـەم کچـە نـاوی سـیمۆن دی بۆڤـوار بـوو و زۆر زوو توانیـی لـەو گفتوگۆیانـەدا جیـی خـۆی بکاتەوە.

ریـك وەکـو سـارتەر، سـیمۆن دی بۆڤواریـش سـەربە خـیزانیکی تـەواو بۆرجـوازی بـوو. خویندنـی خـۆی لـە قوتابخانـە نموونەییـەکان و ئۆرسـتۆکراتەکان (کـە جیـی پرسـیاری بـوون)دا تـەواوکردبوو. ئـەو ئیستا دژیـان دەجـەنگی. بـەپیی

قسەی ئەندامانانی ئەو گروپە کە ناویان لیٚ نا، هەر زوو بە ناوی خوازراوی سەگی ئاوییەوە ناسرا کە رەمزی وزە و تەقەللادان بوو لە ناو کەسەکانی دەوروبەریدا.

سارتەری تەمەن بیست و چوار سالە بەمجۆرە دی بۆڤوار هەلدەسەنگینیت "دلرفین و جوان، بەلاّم جلەکانی زۆر ناشرین بوون.. بەردەوام کلاّویکی ناشرینی لەسەردەکرد". بە گویرەی قسەی سیمۆن دی بۆڤواریش "سارتەر بریتی بوو لە خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە". هەر چۆنیك بیت سارتەر و دی بۆڤوار بوون بە خۆشەویستی یەکتر. هەر زوو سارتەر رۆلی تری وەکو پەروەردەکار و ئاشکراکەری رەفتاری بۆرجوازەکان و راویژکاری جلوبەرگی گرتە ئەستۆ. بە دی بۆڤواری وت "لەمەودوا دەتخەمە ژیر پەر و بالی خۆمەوە".

بەلاّم زەمانە بەو جۆرە نەرۆیی. گەرچی دی بۆڤوار هەلکەوتوو بوو، بەلاّم سارتەر بەردەوام لە گفتوگۆکاندا سەرو پۆتەلاّکی دەکوتیەوە. وەلیٚ سەگی ئاویش بەهیز و متمانەوە رەخنەی لە بیر و بۆچوونەکانی سارتەر دەگرت. ئەمە یەکەم جار بوو لە ژیانیدا سارتەر هاوتای خۆی بدۆزیتەوە.

رەخنــــەکانی دی بۆڤــواری وەکــو حوکمـــی پـــیرۆز قبوولدەکـرد. پـەیوەندییان لەمـەش زیـاتر تیپـەری. بەلای دی بۆڤـوارەوە سـارتەر ئـەو کەسـە بـوو کـە لـە هەموو سالآنی تەنیایی سەرەتای لاویدا خەونی پیـوە بینیبوو. لە سـەریکی تریشـەوە، بەرامبـەر بـە راویـژ کردنی جلوبەرگ، هەر زوو سـارتەر سـەیری کـرد کـە بۆڤـوار دایکایـەتی دەکـات (پیشـنیاز کردنـی حـەمام کردن، کراس گۆرین، بەکارهینانی کریمی دەموچاو و شتی لەو بابەتە).

دەشـــێ دی بۆڤـــوار هاوســـەری رۆحیـــی خـــۆی دۆزیبیتەوە، بەڵام سارتەر کەسیکی دۆزیبۆوە کـە بـە ئاسانی جیی دایك -خوشکیشی بۆ پـر کردبـۆوە. ئـەم دەورانە زۆر سەرەتایی و نا ئاگایانە (نەستانە) بوون. بەڵام هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەم پەیوەندییـە پەیوەندیەکی سادە و تیپەر نییە.

لەگـــــەڵ هـــــەموو ئەمانەشـــــدا مەســـــەلەی پەیوەندییـەکی هەتاهـەتایی لـە گـۆرێ نـەبوو. لەبـەر ئـەوەی بـە بۆرجوازییانـە لـە قەلـەم دەدرا. تەنانــەت بیرۆکـەی ئەمـەش کـە وەکـو ژن و مـیردیك خۆیـان بناسـینن؛ بەلایانـەوە لــە رووی فەلســەفیەوە شـتیك نەبوو تەسەور بکرێ. بە بۆچوونی ئـەوان رۆحیـەتی

مـــالداریی بۆرجوازییانـــه و، ژیـــانی هاوبـــەش و دەزگـــیراندارى و پەیوەندییـــە نەریتیـــەکانی نـــاو کۆمەلگا، خەسلەتگەلیکی خەتەرناك بوون کە دەبوو بەهـەر نرخیـك بووایـە خۆیـان لـێ بپاراسـتایە. پەیوەندییەکەی ئـەوان بـە تەنـها دەکـرا لـە جـۆری "پەیوەندیـەکی ئـازاد" بیـت، بـەو مانایـەی کـە هیـچ کۆت و پیوەندیك نەیانبەستیتەوە.

ئەم دوو دلدارە قوتابییە پیکەوە دەیانخویند و لە چیشتخانە هەرزانەکانی ناوچەی لیفت بانکدا نانیـان دەخـوارد. لـەو کافیتیریایانـەی تایبـەت بـوون بـە قوتابیـەکان و هـەروەها لەسـەر سیسـەمی خـەو دریژەیان بە گفتوگۆکانیان دەدا، لە تەنیشت "بـاخی لۆکسـەمبۆرگ"ەوە پیاسـەیان دەکـرد، یـەکتریان خۆشدەویسـت و کتیبیـان دەخویندەوەو تـەواوی هەفتە گەرمەکانی هاوینیان بە خویندنەوەو گفتوگۆ دەبردەسـەر.. کـاتیکیش ئـەنجامی تاقیکردنـەوەکانی فەلسـەفە راگەیـەنرا، سـارتەر پلـەی یەکـەم و دی بۆڤواریـش پلـەی دووەمـی بـە دەسـتهینا. ئـەم دەستەبژیرەی نـەوەی رۆشـنبیری دوا رۆژی فەرەنسا، کەشو هەوایەکی پر جۆش و خرۆشیان وروژاند.

ڕۆژانی خۆشی قۆناغی خوێندن تێپەڕین. ئەم دووانەش ناچار بوون لەگەڵ ژیانی واقیعیدا ڕووبەڕوو ببنەوە؛ وانە وتنەوە بۆ بۆڤوار و خزمەتی سەربازیش بۆ سارتەر. هەردووکیان بڕیاریان دا سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی زۆر ڕۆشنبیرانە چاو بە پەیوەندیی نێوانیاندا بخشێننەوە. سارتەر بەمجۆرە هەڵوێستی خۆی ڕووندەکردەوە: "خۆشەویستی لە ژیانی مندا نووسینە. شتەکانی تر بە پلەی دووەم دێن". جگە لە نووسین خولیای سەفەر و پەیوەندیی جۆراوجۆر لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا و هەروەها ڕاستگۆیی هەبوو. بڕیاری دا دوای تەواوکردنی سەربازی بچێت بۆ ژاپۆن و لەوێ وانە بڵێتەوە. ئەو بڕیاریدا ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی لەگەڵ دۆبۆڤواردا بپارێزێت و لە هەمانکاتیشدا حەزی دەکرد لەگەڵ ژنانی تریشدا پەیوەندیی هەبێت. ئەو لەبەرئەوەی دەسبەرداری پرنسیپی ئازادیی تاکە کەس نەبوو، بە تەواوەتی مەسەلەی ئەمەگداریی بۆرجوازییانەی ڕەت دەکردەوە. لەسەریکی ترەوە ئەو باوەڕی بەوە بوو کە پەیوەندیی نێوان خۆی و دی بۆڤوار زۆر جیاوازە. بۆیە ئەوان بڕیاری "ڕێکەوتنامەیەکی دوو ساڵی" یان دابوو، کە بە پێی

ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ پەیوەندیی نزیکیان هەبێت.
پاش ئەوە دوو یا سێ ساڵ لە یەك جیاببنەوە. ئەوان بریاریان دابوو کە پەیوەندییەکی تەواو گیانی بە گیانییان هەبێت، بەو مەرجەی نەهێلن کە ئەم پەیوەندییەیان (وەکو پەیوەندییە بۆرجوازییەکانی دی) ببێتە شتێکی ئاسایی و عادەتی. هەر بۆیە ئەو "رێکەوتنامە دوو ساڵی"یە زامنی ئەم مەسەلەیە بوو.

پاش پێناسەکردنی ئەم پەیوەندییە لە مانا بۆرجوازی و سەرمایەدارییەکانیدا، سارتەر زیاتر رۆیی و بە سوود وەرگرتن لەو جیاوازییەی کە کانت لە نێوان حەقیقەتە "پێویستەکان و "شیاو"ەکاندا کردبووی، دەستی کرد بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەیان لە رەهەندە مکومترە فەلسەفیەکانیدا. بە بۆچوونی کانت حەقیقەتێکی "پێویست" شتێك بوو کە نکوولی لێ کردنی دەبووە مایەی ناودژیتی (تناقض). بۆ نموونە با بروانینە رستەی "فەیلەسووفەکان بە دوای حەقیقەتدا دەگەرێن". گەران بە دوای حەقیقەتدا بەشێکە لە پێناسەی فەیلەسووف. بۆیە نکوولیکردن

لەم رستەیە دژیتی لەگەڵ خۆیدا هەلدەگریت. بەڵام لە سەریکی ترەوە نکوولیکردن لە رستەی "فەیلەسووفەکان هەر قسەی رووت دەکەن و هیچی تر" نابیتە مایەی ناو دژیتی. ئەم رستەیە لە روانگەی لۆجیکەوە بە زەرورەت راست یان هەلە نییە (مەگەر وەسفی تۆ (یان پیناسەی تۆ) بۆ فەیلەسووفیك ئەوە بگریتە خۆی کە ناتوانیت بە تەنها قسەی رووت بکات و بەس). لەبەر ئەوە حەقیقەتەکەی رستەی دووەم "شیاو"ە.

پیشنیازەکەی سارتەر ئەوە بوو کە پەیوەندیی لەگەڵ دی بۆڤواردا لە ماوەی دوو سالی ریکەوتنامەکەیاندا و لە قۆناغی دوای ئەویشدا "پیویست" بیت، هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکەی خۆی یان دی بۆڤواریش بە "شیاو" دابنرێ. هەلبەت دەشێ کەسانی نا فەیلەسووف یان سادە لەمەدا ئەنجامگیریی هەلە بکەن. ئایا لە راستیدا مەبەستی سارتەر چی بوو؟

ئەگەر ئەو پەیوەندییەکی لە جۆری "شیاو" هەبووایە نەدەبوو لەگەڵ دی بۆڤواردا باسی بکردایە؟ لیرەدایە کە رۆلی سییەمین لایەنی بەرنامەکەی سارتەر سەبارەت بە ژیان (سەفەر،

پـەیوەندیی جۆراوجـۆر لەگــەڵ رەگەزەکــەی تــردا و نــەرمی "مرونــەت") دیتــە پیشــێ. ئــەو دەیویســت پـــەیوەندیی لەگـــەڵ دی بۆڤـــواردا پەیوەندییـــەکی روون و متمانەدار بیت؛ بە جۆریك کە هەموو شتیك لەگـەڵ یـەکدا بـاس بکـەن و هیـچ شـتیکی شـاراوە لـە نیوانیاندا نەبیت.

دەشێ بەلای ئیمەوە کە ماوەیــەکی زۆر دوای ئــەو ســـالآنە دەژیـــن؛ ئـــەو ئازایـــەتی و تازەییـــەی پەیوەندییـەکی وەهامـان لـە پاریسـی ئەوسـادا پـێ قبووڵ نەبیت. بەلام فەرەنسا لە سالآنی بیستەکانی ســەدەی رابــردوودا ریــك وەکــو زۆربــەی ولآتــە شارســـتانیەکانی دی مەلبـــەندی ئـــەخلاقیاتی بۆرجوازیانە بوو. لەو سـەردەمەدا خـیزان کۆلەکـەی سـەرەکی بیرکردنـەوە سـوننەتیەکان بــوو. ریزگـرتـن یاسای رۆژ بوو، ریایی و ساختەییش یاسای شەو بوو. خـەلکی یاساشـکینیان دەکـرد؛ بـەلآم بـە ئاشـکرا نـا، وەلــێ سـارتەر و سـیمۆن دی بۆڤـوار ئـەم نەریتــەیان شکاند. لـە فەرەنسای ئـەو رۆژگـارەدا پەیوەندییـەکی لـەمجۆرە بـە پەیوەندییـەکی بـێ شـەرمانە لـە قەلـەم دەدرا. بـەلآم ئـەم ئەزموونـەی ئـەمان وردە وردە بـوو بــە نموونەیــەکی ئیلهامبــەخش بــۆ رۆشـــنبیرانی

سەرتاسەری جیهان. هەولیك بوو بۆ پەیوەندییەکی ئابروومەندانەو کراوە کە تیایدا هەردوو لایەنی ئەو پەیوەندییە سەربەخۆ و ئازادبن. ئەگەر بریار بووایە پەیوەندییەکان دروست بن؛ بێگومان دەبووایە وا بوونایە.

ئەو مەسەلەیەی کە ئایا ئەم پەیوەندییە توانیی ببیتە پەیوەندییەکی ئەقلانی خالیکە کە لە قۆناغەکانی تردا دەبیتە جیی بایەخ. بەلام هیندە بەسە بلیین کە لانی کەم بەروالەت پەیوەندییەکی سەرکەوتوو بوو. بەپیی قسەی لەبیر نەچووی پیاویك کە قارەمانانە توانی ئەم پەیوەندییە نوییەی نیوان ئەو ژنە بیرمەند و پیاوە بیرمەندە وەسف بکات "دی بۆڤوار ئەم ئازادییەی قبوولّ کرد و پاراستی".

هەر لەو رۆژانەدا بوو کە سارتەر بۆ خولی ١٨ مانگ خزمەتی سەربازی بانگ کراو دی بۆڤواریش لە قوتابخانەیەکی کچانی دەوروبەری شاری پاریسدا دەستی بە وتنەوەی وانەی دەروونناسی کرد. لە سەردەمی باستەر کیتۆن بە دواوە سەربازیك نەبووە هیندەی سارتەر خراپ بووبیت. ئاخرییەکەی توانیی خۆی بەیەکەیەکی کەشناسی بگەیەنیت. -ئەو

شـوینەی کـە ئـارۆنی هـاوڕیی وانــەی تیـا دەوتــەوە.
ئەمانـە پیکــەوە بالۆنیـان بـۆ ئاسمـان دەنــارد و لــە دەربەندی رووباری لڤارەوە سەیریان دەکرد. لە کـاتی بێ ئیشیشدا بە تامەزرۆییەوە دەستی بە خویندنــەوە دەکرد. هەموو شتیکی دەخوینـدەوە - لـە فەلسـەفەوە بیگـرە تـا گۆڤـاری پۆلیسی. هـەندێ جاریش توانــای نائاسـایی خـۆی بـۆ بیرکردنـەوە تـەرخان دەکـرد. بــە دریژایی رۆژانی هەفتە (زۆربەی رۆژەکان) لەگەڵ دی بۆڤواردا نامەیان بۆ یەکتر دەنارد و بیروڕایان ئالوگۆر دەکــرد. لــە کۆتــایی هەفتەشــدا یــەکتریان دەبینــی. عادەتـەن سـارتەر بـەم رسـتەیە دەســتی پــێ دەکــرد: "تیۆرەیــەکی تــازەم بــە بــیردا هــاتووە". بــەڵام لــە راسـتیدا ریك بـە پیچەوانـەوە بـوو. ئـەو تیۆرەکـانی ئـەوانی تـری یـەك بـە دوایـەك پووچـەڵ دەکــردەوە: دیکارت بە هەڵەدا چووە. کانت کـەموکورتیی هەیـە. هیگـل بۆرجـوازی بـووە. هیــچ کـام لـە بیرمــەندانی ســوونـنەتیی پیشــوو بــۆ ژیــانی ســەدەی بیســتەم نەدەگونجان ئەو وردبوونەوەیەی لە خود وایکرد پەی بە تایبەتمەندییە دەروونیەکانی خۆی بەریت و وردە وردە بـە بـیرو بۆچوونـەکانی فرۆیــد سەرسـام بـوو. بەڵام دوا جا بیرو بۆچوونەکانی فرۆیدیـش نەبوونـە

شـــتیكی بنـــەرەتی لای ئـــەو. لەبـــەر ئـــەوەی دەروونشـیكارییەكەی فرۆیـد نكوولیـی لـە ئـازادی و سـەربەخۆیی خـودی مـرۆڤ دەكـرد. ئیـدی هـەرچۆن سـاختومانە رۆشـنبیرییەكان یـەك بـە دوایـەكدا هەرەسیان دەهینا، تاقە شتیك كە دەمایەوە "ئازادیی تاكە كەس" بوو.

كـاری وانەوتنەوەكـەی لـە ژاپـۆن نـەما و پـاش تـەواوكردنی مـاوەی سـەربازی؛ سـارتەر لـە زانكـۆی لوهاڤەر كە بەندەریكە، بـوو بـە مامۆسـتا. سـارتەری لاو وهەلكـەوتوو كـە لـە راسـتیدا لـەو ژینگەیـەدا زۆر سـەیر دەهاتـە بـەرچاو، هـەر زوو قوتابیـەكان خۆشیانویسـت، بـەلام خۆشەویسـتیەكەی بەرادەیـەك نەبوو ببیتە مایەی ئەوەی پارە دار بیـت. لـە یـەكیك لە رۆژانی پشوویدا كە لەگەڵ دی بۆڤوار و ئارۆندا لە قاوەخانەیـەك لـە مۆنپارنـاس دانیشـتبوون كۆكتیلـی قەیسییان دەخـواردەوە، سـارتەر نارەزامـەندیی خـۆی لەوە دەربری كە فەلسەفە هیشتا نەیتوانیوە لە ژیانی واقیعـی نزیـك بیتـەوە. ئـارۆن لەگـەلیدا نـاكۆك بـوو: ئـاخۆ ئـەو لـە بـارەی فەیلەسـووفی ئـەلمانی و دیاردەنـاس "هۆسـیرل"ەوە هیچـی نەبیسـتووە؟ "هـاوریم سـەیر بكـە، ئەگـەر تـۆ دیاردەنـاس بیـت

دەتوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر دەربارەی ئەم شەربەتە قسە بکەیت و، ئەمەش فەلسەفەیە". سارتەر بە سەرسامیەوە گویی لێ دەگرت. دواجار ئەو فەلسەفەیەی کە بە دوایدا دەگەرا؛ دۆزییەوە - فەلسەفەی تاکە کەس و ململانیکانی لەگەڵ دونیای دەوروبەریدا. ئەوە بوو سارتەر داوای دەرفەتیکی خویندنی کرد تا فەلسەفەکەی هۆسیرلی تیا بخوینیت و بۆ ئەم مەبەستەش لە سالی ١٩٣٣دا بۆ ماوەی سالیك چوو بۆ ئینستیتوی فەرەنسا لە بەرلین. بابەتی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەی سارتەر بۆ خویندن هەلیبژارد بوو "بوونگەرایی" بوو. ئەمەش ئەو هزرە بوو کە فەیلەسووفی دانیمارکی و بیرمەندی ئایینی سۆرین کیرکیگۆر لە سەدەی نۆزدەهەمدا ناوی لێ نا بوو. ئەو بروای وا بوو کە تاقە پایەی سەرەکی بۆ فەلسەفەیەکی مانادار "بوونی تاکە کەس"ە. فەلسەفە هیچ پەیوەندییەکی بە بیرکردنەوەو رامانی دابراو لە پیگەی تاکە کەس لە جیهاندا و هەولە ئەقلیەکان بۆ کەشفکردنی "حەقیقەت"ەوە نییە.

لای کیرکیگۆر حەقیقەت و ئەزموون بە جۆریکی یەکانگیر لەیەکەوە ئالآبوون و دەبووایە ئەو بۆچوونە ئەفەرۆز بکەین کە فەلسەفە بە یەکیك لە زانستە وردەکان دەژمیریت.

بیگومان لە رابردوودا فەلسەفە لەسەر ئەپیستمۆلۆجیا بەند بوو کە لە پایەکانی زانینی مرۆیی دەکۆلییەوە. بەلآم کیرکیگۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئینسان بە تەنها بریتی نییە لە بیرکردنەوە. ئیمە بە تەنها بریتی نین لە هۆشیکی ئەقلآنی کە جەستەیەکی پیوە لکاوە. مرۆڤەکان لە راستیدا، یان بە پلەی یەکەم بە تەنها "زانیار" (خاوەن زانین) نین. بەلکو هەروەها مەیلیان هەیە، کردەوەیان هەیە، هەلدەبژیرن، ئازار دەچیژن و بە پانتاییەکی فراوانی هەست و سۆزدا تیدەپەرن کە لە ئەزموونەکانیاندا رەنگ دەداتەوە. ئەم هەست و سۆزانەش بەشیکی جیانەکراوەن لەو ئەزموونانە. ئەمانە بە جۆریك لیکئالآون کە سەرجەم پیکەوە ئینسان دەناسینن. وەکو کیرکیگۆر دەلیت ئەمە ئەو بابەتەیە کە دەبیت فەلسەفەی راستەقینە لییبکۆلیتەوە. فەلسەفە دەبیت "فەلسەفەی بوون"

بیــت، واتـــه (بوونگـــەرایی، ئیگزیستانســـیالیزم، وجودیەت) ئەو وشەیەی کە ئەو داینا.

فەلســەفەکەی کــیرکیگۆر لەســەر لایــەنی نــا ئەقڵانیی بوونی مرۆیی بەند بوو، هەر بۆیە هەموو فەلسەفەی رابردووی ئاوەژوو دەکردەوە. ئەو دەیوت "یەکەمین شت کە دەبێ ئیمە تێیبگـەین ئەوەیـە کـە ئیمــە تێناگــەین" بــەلای ئەمــەوە خودیتــی (یــا خودگــەرایی) حەقیقــەت بــوو (بــەمجۆرە خــودی حەقیقەتیش خودییە "نەك بابەتی"). بە بۆچوونی کــیرکیگۆر فەلســەفە نابــێ بــۆ روونکردنـــەوەو رۆشــنکردنەوەی قووڵاییــە تاریکـــەکانی دونیـــا هــەولبدات. بــەلکو لــە بــری ئــەوە فەلســەفە دەبــێ هــەوڵ و کۆششــی خــۆی بــۆ زیــاتر رۆشــنکردنەوەی "بــوون" تــەرخان بکــات. ئــەو بــروای وا بــوو کــە پیویســتە "ئیمــە هــەولبدەین بگۆریــین بــۆ ژیــان لەوپەری هۆشیاریی بە خودی خۆی"دا.

لیرەوەیە کە یەکەمین کیشەکانی بوونگـەرایی بـە دەردەکەون. لە هەولدانیدا بـۆ روونکردنـەوەی خـۆی وەکو ئەو مارەی لـێ دیت کـە کلکی خـۆی دەخـوات. لەبەر ئەوەی پلە و پایەی لە وشك و رەقیی هزریکی چەمکئامیز سـەندبۆوە؛ چەمك و پاسـاوەکانی خـۆی

شـیواو و ئـاڵۆز ببـوون. لـه روانگـەی ئەقلگەرایانـــەوە ئەمە بووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو جـۆرە پاسـاوانە لـە دوائەنجامدا بێ مانابن. بەڵام کیرکیگۆر بەرامبەر ئەم هیرشـانە بـەرەنگاریی دەکـرد. هـەروەها ئـەو بـاوەڕی بەوە بوو کە لە جیاتی خۆ خـەریك کـردن بـە بنـەما ئەبەسـتراکتەکانەوە دەبـێ زیـاتر بایـەخ بـە لایـەنی تایبەتی ئەزموون و سروشتی تاکە کەسییانە بدەیـن. تەنها لەم ریـیـەوە دەتوانـین ئـازادیی تـەواوی خۆمـان وەدیبـهێنین. راسـتە کاتـێ ئـەم "هەسـتی ئیمکـان"ە تـاقی دەکەینـەوە؛ دەشـێ تووشـی "هەسـت بـە دڵـە راوکـێ" بـین. بـەڵام هـەمان دڵـەراوکێ هاوتـای وەدیهاتنی ئازادیی تەواومانە لە هەڵبژاردنی ژیاندا.

فەیلەسـووفی ئـەڵمانی ئـەدمۆند هۆسـیرل سـاڵی ١٨٥٩، واتـە چـوار سـاڵ پـاش مـەرگی کـیرکیگۆر هاتـە دونیـاوە. ئـەمرۆ کارەکـانی ئـەو بـە تەواوکـەری کەلەپووری بوونگەرایی لە قەڵەمدەدرێ، گەرچی ئەو قـایل نـەبوو بـەوەی بـە پەیرەویکـەری کـیرکیگۆر بژمـیردرێ و لـە راستیشدا لـە زۆر شـتی سـەرەکیدا خـالی جیاوازییـان هـەبوو، هۆسـیرل تـا رادەیـەك باوەڕی بە فەلسەفەی سوننەتی (تەقلیدی) یان لانـی کەم بە ئامانجەکانی هەبوو.

دەتوانـین خـالی دەسـتپیکردنی بـە هـەولیك لـە قەلەمبدەین بۆ  پیکـەوەگریدانی جیاوازییـەکانی دوو ئاقـاری سـەرەکیی فەلسـەفەی هاوچـەرخ، واتـە ئەقلگەرایی و ئەزموونگەرایی. نموونـەی ئەقلگـەرایی دامەزرینەرە فەرەنساییەکەی بوو؛ واتە رینێ دیکارت کـە لـە سـەدەی شـانزدەی زایینیـدا دەژیـا. دیکـارت روانینـی ئەقلانیانـەی سیسـتماتیکی خـۆی بـۆ دونیـا لەسەر ئەم راستییە سەرەتاییە دارشتبوو کـە دەلیـت: "مـن بیردەکەمـەوە، کەواتـە هـەم". لـە سـەریکی تریشـەوە نوینـەری ئەزموونگـەرایی فەیلەسـووفی سـکۆتلەندی داڤیـد هیـوم بـوو کـە لـە سـەدەی هەژدەیـەمدا دەژیـا و بەهیزانـە و زیـاتر لـەوانی دی بروای وابوو کە ئادەمیزاد جگە لەو شـتانەی تاقییـان دەکاتـەوە؛ هیچـی دی نـازانیت. تەنانـەت شـتی وەکـو "هۆکـاریتی"یـش بـەلای ئەوانـەوە بوونیکـی سـەلینراوی نییـە، لەبەرئـەوەی هـەرگیز مـرۆڤ تاقیکردنەوەی سەبارەت بەوە نییە کە شتیك هۆکاری شتیکی ترەو، بە تەنها بە دوایەکدا هاتنی هەندێ لە رووداوەکانی دەبینیت.

هۆسـیرل بـە گـەران بـە دوا کۆمـەلیك بنـەمای سـەرەکیدا کـە پایـەی هـەردوو تیۆرییەکـە بـوون؛

هەولیدا چارەسەری ئەم دوالیزمە بکات. ئەو وتی کە تەنها لە ریی تاقیکردنەوە (ئەزموون)ی راستەوخۆوە کە دەکەویتە پیش هەموو هزریکی سیستماتیکەوە؛ دەتوانین بناغەیەکی فەلسەفیی وامان دەستبکەویت کە شتی وەکو لۆجیك و ماتماتیك (واتە بواری ئەقڵ) لەسەری دادەمەزرین. سەرەنجام ئیمە دەبێ بگەریینەوە بۆ بەریەککەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ راستیەکاندا و بە جۆریك کە لە ئەزموونماندا خۆ دەنوینن و ئەمەش بە تەنها کاتێ دەبیت کە بەر لەو تیز و تیۆرییانەی کە بەسەر شتدا دەیانسەپینین؛ هۆشیاری شی بکەینەوە. بە دەربرینیکی دی دەبێ لە دیاردەکانی ئەزموونی خۆمان بتۆژینەوە. هۆسیرل ئەم چالاکیەی ناو نا "دیاردەناسی" (فینۆمینۆلۆجیا).

لەم ریگایەوە هۆسیرل ویستی فەلسەفە بکات بە زانستیکی ورد. بەمجۆرە دەبووایە چالاکیە فیکرییەکان بەجۆریك وەسف بکرین کە لە هەموو پیشداوەرییەکی ئیمە سەبارەت بە سروشتی بابەتیانە (مەوزوعیانە)ی دونیا دامالراون. دەبووایە بە جۆریك شی بکرانایەتەوە کە لە هەموو گریمانەیەك سەبارەت بە ماهیەتی خۆیان دامالراون.

بەم پێیە دیاردەناسی پێویستی بە توێژینەوەیەکی زانستیانە و وردبینانەی ئێمە و هەروەها پرۆسە فیکرییەکانی ئێمە هەبوو تا لە توانادا بووایە دیاردەکانی ئەزموون و ئەزموون خۆی وەکو ئەوەی هەیە وەسف و دیاری بکرێ. لێرەوە بوو کە سارتەر زۆر باش دەیتوانی لەوە بگات کە مەبەستی ئارۆن لەوە چییە کاتێ دەیگوت دەکرێ قسە کردن لەسەر پەرداخێك کۆکتێلی (شەربەتی) فەیسیش ببێتە فەلسەفە. بە لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردە پێکهێنەرانەی ئەزموونە کە دەتوانین سەبارەت بە ماهیەتی ئەزموون و بوونی خۆمان و دونیا و دواجاریش خودی بوون، بە کۆمەڵێك ئەنجامی فەلسەفی بگەین. ئەمە بوونگەراییە.

پەندێکی کۆنی چینی هەیە دەڵێت: "خۆزیا لە رۆژگارێکی سەرنجڕاکێشدا دەژیایت". لە بەرلینی ساڵی ۱۹۳۳ دا چیت بویستایە سەرنجڕاکێش بوو. بەر لەوەی سارتەر بچێتە بەرلین لە سێپتەمبەردا، هیتلەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیادا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو و بۆ ساڵی داهاتووش توانیبووی دەسەڵاتی خۆی مەحکەم بکات، ریزی بێ شوماری سەربازەکانی کە ئاڵا و مەشخەڵیان

هەلگرت، ریورەسمی سووتاندنی کتیب لەبەر چاوی خەلکدا، هەلوەشاندنەوەی ریکخراوەکان، پاکسازیی دەزگا دەولەتیەکان و زانکۆکان لە جوولەکە. ئەمە قوتابخانەیەك بوو بۆ کەسیك کە دواتر خۆی وەکو تیۆرەسازیکی رابەرایەتیی سیاسیی چاخی نوێ ناساند. یان دەشێ وا هاتبیتە بەرچاو، بەلام سارتەر شتیکی زۆر سەنجراکیشتری بۆ تویژینەوە شك دەبرد: هۆشیاریی خۆی. بەپیی نووسراوەکانی ئەو سەردەمە؛ وا دەردەکەوێ کە سارتەر ئەو سالەی بەرلینی بە ورد بوونەوە لە خودی خۆی و ئەزموونەکانی بەسەر بردبیت و، هەولیدا بیت دیاردە پەتی و دەسکاری نەکراوەکانی ئەزموونی خۆی دیاری بکات. هەر لەو رۆژانەدا بوو کاباریکانی لە چەشنی ئیشروود و سەلی بۆلز ویران کران. ئەم گوێ نەدانە بە رووداوە واقیعیەکان - ئەوەی بە شیوەیەکی کردەیی لە دەرەوە روویدەدا (نەك بە شیوەیەکی تیۆرەیی) - بووە سیمایەکی سەرەکیی چالاکیی فەلسەفیی سارتەر. کاتێ سەرقالی ئەپیستمۆلۆجیا و فینۆمینۆلۆجیا (دیاردەناسی)ی بوونگەرایی بوو ئەم حالەتە بە داپۆشراوی مایەوە. بەلام هەر ئەوەندەی کە فەلسەفەیەکی سیاسی تری

خسته روو، تا دههات زیاتر ههست بهم خهوشه دهکرا.

سالی ١٩٣٤ سارتهر به مهبهستی وانه وتنهوه گهرایهوه بۆ لۆهاڤهر. لهو رۆژانهدا و له دهفتهریکی بچکۆلهدا دهستی به کۆکردنهوهی تویژینهوه فینۆمینۆلۆجیهکانی خۆی کرد. دی بۆڤوار قهناعهتی پیّ کرد که ئهو یادهوهرییانه بکات به رۆمانیك. رۆمانیك که دواتر به ناوی (هیلنج)هوه بلاوبۆوه.

ئهم رۆمانه دهربارهی کهسیتییهك بوو که ناوی رۆکانتانه و ژیانه بیهوودهکهی له بۆڤیل (شاری چلپاو). گهرچی ئهم رۆمانه ههندیّ رووداوی ئاسایی دهگیریتهوه، بهلام خۆی له خۆیدا دهشیّ باشترین دهربری رۆحیهتی بوونگهرایانه بیت که تا ئیستا نووسرابیت. ئهم کاره کاریکی قوولّ و پر توانایه، بهلام لهوهش گرنگتر ئهوهیه که کاریکی دانسقهیه؛ لهبهر ئهوهی چیرۆکیکی فهلسهفییه که نه ئهبستراکته (تهجریدی)یهو نه فیرگوزاری. له راستیدا ئهم کاره خودی بوونگهراییه. سارتهر لهم کارهیدا خۆزیای زۆره. ئهو پرسیاری سهرهکیی "من چیم" دهخاته روو. بهلام خۆیشی وهلامی فیکریی ئهم پرسیاره ناداتهوه. بهلای ئهوهوه ئهو وهلامه

لەوەسفکردنی هەمان (هەست)ی بوون و (بە ئاگا هینانەوە)ی ئەم هەستەدایە.

تینوویتیی فینۆمینۆلۆجیانەی سارتەر ئەوی گەیاندە قۆناغیك کە دەیتوانی باسی "ئیمکان" و "پیویست" فراوانتر بکات. هیوم پیشتر ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە کەس ناتوانێ هۆکاریتی (علیت) تاقی بکاتەوەو بەمجۆرەش پاساوی بۆ دەهینایەوە "زەرورەت شتیکە کە بە تەنها لە هۆشی ئیمەدا هەیە نەك لە دەرەوە". بە واتایەکی دی ئیمە بەسەر شتە واقیعیەکاندا دەیسەپینین (ئەمە گریمانەیەك یان دەشێ پیشداوەرییەك بیت کە وادیتە بەرچاو بۆ بەرکەمالیی ئیمە پیویست بیت، بەلام ئەمە بەو مانایەش نایەت کە لە راستیشدا بوونی هەبیت).

هیوم بە شیوەیەکی فیکری تەواوی ئەم باسانەی دەبینی. هەلکەوتوویی سارتەر لەوەدا بوو کە دەیویست ئەو حەقیقەتە لە "ئەزموون"دا بەدیبهینیت.

واتە بەشیوەیەکی بوونگەرایانە (وجودیانە). "هەموو شتیك ئیمکانی بوو". لە راستیدا ئیمکان تەواوی بوونی ئیمەی تەنیوەتەوە. لە ریی ئەم تەرزە بیرکردنەوەوەیە کە کۆمەلیك باسی ئاشنای وەکو

هۆكار و هۆدار (علت و معلول)، زەرورەت و شتی تری لەمجۆرە كە دونیا پڕە لییان، بە ئاسانی وەكو دووكەلیان لێدێ و لەبەرچاو ون دەبن. بۆ نموونە، سەرنج بدە، پاش ئەوەی سەیری ئاوێنە دەكەین و خۆمانی تیدا دەبینین؛ چی ڕوودەدات؟ سەرەتا ڕوخساریكی ئاشنای تیدا دەبینین، بەڵام تا زیاتر لێی وردبینەوە ئەم ڕوخسارە نائاشناتر دیتە بەرچاومان. دەتوانین ئەم نا ئاشناییە بەسەر هەموو بوونماندا بسەپینین، بەم پییە، بوونی ئیمە لە هەموو "دەبێ" و "دلنیایی"ەكان ئازادە. بەڵام هەر وەكو كیركیگۆریش پیشانی دا، قبوولكردنی ئەو ڕاستییەی كە دونیا نا ئاشنا (نامۆ) و ئیمكانییە و بە دوایدا ئازادیمان دوچاری شلەژان و ترس دەبیت. لای ڕۆكانتان، یان لە ڕاستیدا لای سارتەر ئەم مەسەلەیە لە شیوەی "هیلنج"دا خۆی دەنوینیت. كە بە چەشتنی خود و چەشتنی تامی بوون شوبهاندوویانە. ئەم گەرانە دیاردەناسیانە كاتێ دەگاتە ترۆپك كە ڕۆكانتان بەرامبەر ڕەگی داربەرووە گەورەكە وەستاوەو تاقیی دەكاتەوە. تەنانەت بە جۆریكی بەهیزتر لە ئەزموونی "نەمانی ئاشنایی ڕوخسار لە ئاوینەدا". لای

رۆكانتـان تايبەتمـەندیی دار بـەرووە گەورەكـە تـەواو نامۆو لە هەمانكاتدا سەرنجراكیش دەبێت.

"ئـەم دارە چیـدی بـێ شـوێنەواریی گوتەیـەكی ئەبستراكت نـەبوو، بـەڵكو پەیوەندیسـازی راسـتیەكان بـوو. ئـەم رەگـە بـە بـوون داڕێژرابـوو.. فـرە جۆریـی شـتەكان، تاكیتییـان بـە تەنـها وەهمیـك و پۆشـاكیكی رواڵەتی بوو، ئەم پۆشاكە توابۆوە و بەسـتووێتییەكی رەق جێی گرتبۆوە- رووت، رووتیەكی ترسـناك و بـێ شەرم. دواجار راستی پیس و بێ شەرمە.

بە درێژایی ئەم ئەزموونە رۆكانتان "هیچ نەبوو جگە لە هۆشیاری" و "پەیبردن بە پووچیی تـەواو و بـێ مانـایی هـەموو شـتەكان"یـش هاوشـانی ئـەو هۆشـیارییە بـوو. بـەڵام دیسانەوە ئـەم پەیبردنـە بـە تەنها پەیبردنیكی فیكری نەبوو. "ئـەم پووچییـە نـە ئایدیایەك بوو لە هۆشدا و نە وشەی وتـاریك. بـەڵكو ئەم مـارە درێـژەی كـە لەبـەرپێمدا دەرزێ، ئـەم مـارە دارینە (مەبەست لە رەگی دار بەرووە گەورەكەیە)... مـن پـەیم بـەوە بـرد كـە كلیلـی بـوونم دۆزیوەتـەوە. كلیلی هێلنجی خۆم، كلیلی هەموو ژیانم.. مـن رەهـام تاقیكردەوە: رەها یان پووچی.. بەرامبەر بـەم چنگـە خـر و ریشـەدارە (رەگـی دار بەرووەكـە) نـە زانـین

گرنگــــە و نــــەبێ ئاگـــایی و نــــەزانی: دونیـــــای روونکردنەوەو هۆکان بە دونیای بوونـەوە پەیوەسـت نییە".

سـەرەنجام سـارتەر تێگەیشـت کـە: "مــرۆڤ هــەر ئەوەیـە کـە لـە هەنووکـەدا و بــە تەنـها لـە هــەمان شوێنیشـدا هەیـە" ئـەم خالـەش دەلالـەتی گرنگی بـۆ ئـەو کەسانە هـەبوو کـە لــە ژیـانی خۆیـاندا بــەدوا مانایەکدا دەگــەران: "کـەس ناتوانـێ ژیـان لـە ئاسـۆی بەرامبـەر خۆیـدا دابنیـت؛ لەبــەر ئــەوەی خــۆی لــە نـاویدا دەژی - ژیـان لـە دواوە تـۆ دەرفێنیـت و تـۆش خۆت لە ناویدا دەبینیتەوە".

ســارتەر چــەند جــاریك کتێبــی "هێلنـــج"ی نووســیەوە. هــەر لــەو رۆژانــەدا کۆمــەلیك کورتــە چیرۆکیشی نووســی. ئــەو چیرۆکانــە زۆر فەلســەفی نین،بەلام بـە باشـی تیایـاندا هەسـت بـە بوونگـەرایی دەکـرێ. ئــەو لــەم کورتــە چیرۆکانــەدا ریــك بــە پیچەوانـەی رۆمانەکەیــەوە، هــەولی جۆراوجـۆر بـۆ خۆدزینـەوە لەبەرپرسـیاریتیی بوونــی خــۆی دەدات. باشترین نموونـەش چیرۆکی "دیوار"ە کە بەسـەرهاتی پیـاویك دەگیریتـەوە لەبــەردەم لــە ســیدارەداندایەو هـەولدەدات لـە بـری رووبــەروو بوونــەوەی راســتیی

ژیانی خۆی، تەسەوری ئەو بوونە بکات کە دەیتوانی هەیبێت.

سارتەر زۆر بەسەر سەختییەکی بەردەوامەوە هەولی دەدا درێژە بە نووسینە فەلسەفیەکانی خۆیشی بدات و لە شیکردنەوەی هەست و خەیالدا شێوازە فینۆمینۆلۆجیەکەی هۆسیرل بەکاربەرێت. بەلاّم لە "تیزێك بۆ تیۆرەی هەلچوونەکان"دا یەکەمین بێ توانایی ئاقاری فینۆمینۆلۆجیانەی لەم بارەیەوە بە دەرکەوت. لێرەدا هەلچوونەکان بە ریگایەك لە قەلەمدەدرێ بۆ بازدان بەسەر شەفافیەتی فینۆمینۆلۆجیانە کە بە شێوەیەکی رووت و قووت لەگەڵ بووندا رووبەروو دەبێتەوە. هەلچوونەکان "جیهانیکی سیحریی" خۆ فریودەرانە دەخولقینن. سارتەر لە گەرانیدا بە دوای تیۆرەیەکدا بۆ هەلچوونەکان، هەولدەدات لە سوود وەرگرتن لە سایکۆلۆجیای هەلچوونەکان خۆی دوورە پەریز رابگرێت. سایکۆلۆجیا سەربە فەلسەفەیە، نەك بەشێك لە هەمەکیتیی تاکە کەس. ئیمە دەشێ بە سوود وەرگرتن لە رێی ئەقلەوە نەك هەستەوە؛ شەفافیەتی فینۆمینۆلۆجیانە بەدەست بهێنین، بەلاّم دوا ئاکامی حالەتیکی مەعقول نییە. لە نووسینیکیدا

که ناوی (به تەنها هۆشیاری و هیچی تر)ە پیدەچێ سارتەر رۆلی بیدەنگ کردبیت، بەلام بەریەککەوتنی لەگەڵ راستیی رووت و بێ شەرم و قورسدا پرە لە هەلچوون. لیرەوەیە کە تەقەللای "ئازایانە" بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتیی بوونی خۆی و کاری گونجاو لەگەڵ ئەم هەستی بەرپرسیارییەدا، کە لەو بەریەککەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە؛ هەرگیز ناتوانیت بە تەواوەتی هەلگری ناواخنیکی سایکۆلۆجی یان عاتیفی بیت. دەشێ بە هەموو شیوەیەك هەولبدەین کە بە جۆریك کار بکەین وەك ئەوەی لە سایکۆلۆجیای خۆمان رزگارمان بووبیت، بەلام هەرگیز ئەم رزگار بوونە بە شیوەیەکی تەواو فەراهەم نابیت. لە هەمان کاتیشدا جەختکردنەوەی سارتەر لەسەر ئەوەی کە هەرگیز نابێ خۆمان لە پشتی ئەم جۆرە شتە (سایکۆلۆجییانە) بشارینەوەو پیویستە ئادەمیزادەکان لە کارەکانیان بەرپرسیاربن، بۆ فەلسەفەی کردەوە ئامۆژگاریەکی ئازایانەیە.

لەو رۆژانەدا و لەو نزیکانە سیمۆن دی بۆڤوار لە رۆئین خەریکی وانە وتنەوە بوو. لە کۆتایی هەفتەکاندا یەکتریان دەبینی و بەدریژایی هەفتەش خەریکی نووسینی نامەی دریژ بوون بۆ یەکدی. هەر

وەکو پیشتریش بریاریاندا بوو پەیوەندییان تەواو روون بوو. هیچ مەسەلەیەکیان لە بەینیاندا بە داپۆشراوی نەدەهیشتەوە. بەلاّم لە هەمانکاتدا ئەم روونییە بە زەرورەت مانای رزگار بوون نەبوو لە سایکۆلۆجیای ژیرخانەکەیان. هەر زوو چاوباشقالی و شتی تری تاریکی ئەم پەیوەندییە بە دەرکەوت. جگە لە روونی، ئەم پەیوەندییە "پیویستە" گەشەسەندنیکی تایبەتیی نەبوو. چیدی سارتەر و دی بۆڤوار پەیوەندی سیکسییان لەگەڵ یەکدا نەمابوو و سارتەری سی سالە وردە وردە مەیلی بەلای کیژی لاودا پەیدا دەکرد و، بیگومان ئەمەش شتیك نەبوو دی بۆڤوار نەیزانیت. سارتەر هەموو شتیکی بە ورد و درشتەوە لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤوار باس دەکرد. دی بۆڤوار پاش ماوەیەك سارتەری بە کچیکی قوتابیی خۆی ناساند کە تەمەنی هەڤدە سالاّن بوو و دەشیّ ئەمەش لەوەوە هاتبیت کە دی بۆڤوار حەزیدەکرد لەم پەیوەندییەدا رۆلی کۆنترۆلکەر و ریپیشاندەر ببینیت. ئەم کچە کە ناوی ڤاندا بوو نیوەرووسیەکی قژزەردی وەیلان بوو کە روحیەتیکی ئانارشیستانەی هەبوو. (سپینۆزای دەخویندەوەو لە زستانانیشدا بەپیّ خاوسی

دەرۆیی). پاش ماوەیەك، مـەیلی بـەلای ئۆلگـادا چـوو کـە خوشـکی بچووکـی ڤـاندا بـوو. لـە هـەموو ئـەم ماوەیەشدا سارتەر و دی بۆڤـوار پـەیوەندیی شـەفافی خۆیـان پاراسـت. بـەڵام وەختـێ کەسـیکی دی دەهاتـە ناوەوە تۆریك لە فریو بۆ رووبـە رووبوونـەوەی هـەر جـۆرە ریاکارییـــەکی بۆرجوازییانـــەی شارســـتانانە دەچـنرا. هـەولی تـری سـارتەر بـۆ شـەفافیەتی رەهـا شتیکی بەرچاوی ئەوتۆ نەبوو. ئەو سـاڵانیك بـەر لـە کەسانیك بۆ نموونە وەکـو ئـەلدۆس هاکسلی مـاددەی سرکەری مسکالینی تاقی کردەوە. لە ژیـر کاریگـەریی ئەو ماددەیەدا و لە خەیالیدا رەگوریشەی درەختیکـی دەبینی کـە لـە داربـەروو دەچـوو و پاشـتر لـە کتیبـی (هیلنـــج)دا باســـیکرد. هیلنـــج لـــە شـــیوەی چـــیرۆکدا نووسـراوە و ئـەو لـە ریـی دەربرینـی سەرسـورهینی تیروانینـەکانی خۆیـەوە گەیشـتە ترۆپکـی خـــوازە (ئیستعارە) سەبارەت بە شەفافیەتی فینۆمینۆلۆجی.

(گەرچی ئەمە یەکەمین نموونە نەبوو، بەڵام لەم رووەوە هونــەر پیــش ئــەدەب کــەوتبوو. نزیکــەی چارەکە سەدەیەك لەوەو بەر کوبیستەکان لـە بونیـاد شـکینیی خوازەییانـەدا بـە هـەمان شـیوەی سـەر

سـورهينانە گەيشــتبوونە ئــەو گريمانـــە بيـــنراوی (بصری)انەی ئيمە سەبارەت بە راستی).

سالی ١٩٣٧ سارتەر توانيی لە پـاريس كورسـييەكی مامۆستايی لە پاريسدا بە دەست بـهێنيت و سـەر لـە نـوێ هامشـۆی شـوينە ئازيزەكـەی خـۆی بكـات كـە (ليفــت بــانك) بــوو. دووبــارە دەيتوانـــی لـــە قاوەخانـەكانی ئـەوێ بنووسـيت و ئەمـەش بـە تەنـها حەزيك نەبوو. ماوەيەكی زۆر لەوەو بەر ليفت بـانك لای فرانسوا ڤيلونی شاعيريش (لە سەدەی پـانزەدەدا) كارتيـــەلاتين (شـــوينی قوتابيـــان)ی پـــاريس بـــوو. زۆربـەی خانووەكانی ئـەو گەرەكە تەمـەنيان چـەند سەدەيەك دەبوو و پيداويستييە سەرەتاييەكانی وەكو وەجاغ و بۆری و ئەو شتانەشيان تيانەبوو. هەر بۆيە زۆربـەی دانيشـتوانی ئـەو گەرەكـە كـاتی خۆيـان لـە ريســتۆرانە جۆراوجۆرەكـان و قاوەخانــە تارادەيــەك هەرزانەكانی ئەو ناوە بەسەر دەبرد.

لە ئەپريلی ١٩٣٨دا كتيبی (هيلنج) و چەند مانگ دوای ئەوەش كۆمەلە چيرۆكی (ديوار)ی بلاوبۆوە. بە دوايـاندا لــە رووی ستايشــەوە لەســەريان نووســراو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەوەبەدواوە سـارتەر وەكو روخساريكی ئايندەی ئـەدەبيی ليفت بـانك بناسـرێ.

لــە ســالی ١٩٣٩یشــدا کتیبــی (تـــیزیك بــۆ تیــۆرەی هەلچوونەکان)ی بە چاپ گەیاند، کە ئەگەر چی بـە هەمانـــە ستایشــی ئــەو دوو کتیبـــەی پیشـــوویەوە پیشوازی لەمیان نەکرا؛ بەلاّم ناوبانگی زیاتر کرد.

سارتەر لە سەرەتای ناوبانگیدا بوو، ئەورووپاش لە ســەرەتای جــەنگدا. ئــەو لــەو روانگەیــەوە کــە گوایــە خەلکی ئەلمانیا دەناسیت و سالیك لـە بـەرلین ژیـاوە دەربـارەی هیتلـەر بــە هاوریکـانی خــۆی وت: "مــن حالــەتی زەینیــی ئەلمانیــەکان دەزانم. هیتلـــەر لـــە خەویشدا ناتوانیت جەنگ دەست پیّ بکات. ئەو هــەر لاف لیّ دەدات و هیچی دی". بەلاّم ریك رۆژی دواتــر بوو کە هیتلەر هیرشی کردە سەر لەهستان و سـوپای فەرەنسا خرایە حالـەتی ئامادەباشـەوە. لـە مـاوەی ٢٤ سەعاتدا ئەورووپا چووە ناو جەنگـەوەو سـارتەر جلی سەربازیی لەبەرکرد. پاشان نووسیی: "جەنگ ژیـانی منی کرد بـە دوو لەتەوە" ئەم ئەزموونە تەواو ئەوی گــۆری (لــە هــەموو روویەکــەوە بــە تەنــها حوکمــە سیاسیەکانی نەبیت).

ئەو لـە کـاتی جـەنگدا لـە یەکەیـەکی کەشناسـیدا لەبــەرەی خۆرهــەلاّت دەســتی بـــە خزمـــەت کـــرد. شـوینیك بـوو بەسـەر دەربـەندی رایـن دا دەیروانـــی.

ئەلمانیەکان نەیاندەتوانی هێرش بۆ ئەو شوێنە بەرن. لەبەر ئەوەی هێلی ماژینۆی مکوم کە هێلێکی ناسراوە ئەویی دەپاراست و ئەم هێلەش بریتی بوو لە ریزێك پەناگە کە لە بەلجیکاوە تا سویسرا درێژ ببۆوە و پر بوو لە چەك و تەقەمەنی. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای فەرەنسایی تەواو مۆدێرن و پر چەك نەبوو. تا ئەو رادەیەی هێشتا یەکێك لە رێگا گرنگەکانی پەیوەندیکردن بەو بەرەیەوە کۆترەنامەبەرەکان بوون و سوپای فەرەنساش لە کەسانێکی سەردەستەی وەکو سارتەر پێکهاتبوو.

سارتەر جگە لە هەندێ کاتی دیاریکراو کە رۆژانە بالۆنی کەشناسیی تیا بۆ ئاسمان دەنارد، زۆر بەی کاتی خۆی بۆ کارەکەی خۆی تەرخان دەکرد کە هیچ پەیوەندییەکی بەکاری سوپاوە نەبوو.

لەو ماوەیەدا خۆی بە نووسینی رۆمانێکی ترەوە خەریك کرد و لەگەلیشیدا سەرگەرمی توێژینەوەی کارەکانی هایدیگەر بوو، بەو مەبەستەی دەیویست کتێبێکی گەورەی فەلسەفی بنووسێت. (بێگومان کاتێ هاوکارە نیشتمانپەروەرەکانی سارتەر ئەویان بینیوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی گەورەی میتافیزیکای ئەلمانی بووە، کە خوێندنەوەی بۆ

ئەلمانیەکان خۆشیان قورس بووە، بایەخیکی ئەوتۆیان نەداوەتێ و بگرە تەنانەت ئەفسەرە پلە بەرزەکانیش هیچ گرنگییەکیان پێ نەداوە).

بیرو بۆچوونە بوونگەرایيەکانی سارتەر خیرا بەرەو فۆرمەلەبوون دەچوون. لەنامە دریژەکانی خۆیدا بۆ دی بۆڤوار کە رۆژانە بۆی دەنارد، باسی ئەوەی دەکرد کە ئیمە بەهۆی ئیمکانی بوونمان و پووچیتیی بوونمانەوە دەبێ بە تەواوەتی بەرپرسیاریتیی ژیانی خۆمان پێ قبوولْ بیت. نابێ ماتەم بۆ چارەنووسمان بگیرین. هەر کەسیك خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات. نەك هەر کەسیتیی خۆی فۆرمەلە دەکات؛ بەلکو هەر خۆی ئەو هەلومەرجانەش فەراهەم دەکات کە تیایدا کردەوەکانی ئەنجام دەدات. هەلبەت ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە ئەنجامدا کیشەشی لێ دەکەویتەوە. بەلاّم سارتەر کەسیك نەبوو بیەوێ ئەو کیشانە بە کەم سەیر بکات.

واتە ئەو وەکو تاکە کەسیك دەبوو بەرپرسیاریتیی هەموو شتیك لە ئەستۆ بگریت و ئەمەشی بۆ دی بۆڤوار روون دەکردەوە. بەپیی ئەم وردەکارییە ئەو بەرامبەر بە دووەمین جەنگی

جیهانیش خۆی بە بەرپرسیار دەزانی و دەبووایە بەرپرسیاریتیی ئەو جەنگەی بگرتایەتە ئەستۆو کاردانەوەی گونجاوی بۆی هەبێت. ئەو دواتر بەمجۆرە ئەم مەسەلەیە بەیاندەکات: "ئەمە جەنگی منە؛ ئەمە تەسەوری منە و حەقمە وا تەسەور بکەم.. هەموو شتەکان بە جۆریك روو دەدەن کە دەلێی هەموو بەرپرسیاریتیی ئەم جەنگە لە ئەستۆی مندایە.. بەم پێیە، جەنگ خودی منە".

ئەم لافلیدانە خەندەهێنەرە لە راستیدا قابیلی بەرگریکردنی زیاترە لە زۆر لافی فەلسەفیی تر کە وا دەردەکەوێ پتر قابیلی رامان بن (با بەتەنها نیهیلیزم بهێنینەوە یادمان، یان تەنانەت لافلیدانی ڤیتگنشتاین کە دەلێت تەواوی فەلسەفە هیچ نییە جگە لە بەدحالیبوونی زمانەوانی و زمانناسییانە). هەروەکو پێشتریش بینیمان دەتوانین رەگ و ریشەی بوونگەرایی فیکری سارتەر هەم لە ئەزموونگەراییەکەی هیوم و هەم لە ئەقلگەراییەکەی دیکارتدا بدۆزینەوە.

ئەم دوو جۆرە هزرە لە حالەتی زیدەرۆییاندا بە منگەرایی *Solipsism* (ئەو ئاقارە لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا کە دەلێت بە تەنها "من" هەم و شتەکانی

تر به بێ من نین و هیچ نین -و-) کۆتاییان دیت. (هیوم: له راستیدا ئیمه ناتوانین بوونی ئەوانیتر تاقی بکەینەوە، دیکارت: ئەگەر جگە لە "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم" هیچ شتیکی تر یەقین نەبیت، بەم پییە ئەم گوتەیە بوونی ئەوانی تریش دەگریتەوە). سارتەر مانا پەنهانەکانی ئەم دوو هزرە بەیاندەکات. رەنگە ئەمە بۆ ئەوە بیت کە بەسەر تەواوی هەستی ئاسایی ئیمەدا زاڵ بیت (وەکو زۆربەی فەلسەفە و زانستە مۆدیرنەکان) بەلام ئەگەر بە راستی و بەبێ هیچ جۆرە گریمانە و پیشداوەرییەك بمانەوێ لەگەڵ هۆشیاریی خۆماندا راستگۆ بین، ئەوا دەبینین کە سارتەر قابیلی بەرگری لیکردنە. لە راستیدا ئەمە تیۆرەیەکی ئازایانەو پڕ لە گەشبینی و هیزی فیکری نیچە دیتە بەرچاو. ئەمە بەشی منە - بە باشترین شیوە سوودی لێ دەبینم. من کە ئازادم ژیانی خۆم بگۆرم، دەبێ لە هەمانکاتدا لەوە بەرپرسیاریش بم. دەتوانین نەخۆشیکی ئیم. ئیس و زیندانییەك لە بەیروت بخەینە دەرەوەی ئەم چوار چیوەیە. بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە هزری بوونگەراییانەی سارتەر یارمەتیی کەسانیکی وەکو ستیڤن هاوکینگ و بارمتە

زیندووەکانی بەیروت دەدات کە بە رەچاوکردنی ئەو راستی و کەموکورتییانەی کە لە چارەنووسیاندا دیاریکراوە لە باقیی ئازادی و توانای خۆیان سوودوەربگرن. ئەوانیش بە مانایەك لە ماناکان بەرپرسیاریتیی ژیانی خۆیان گرتۆتە ئەستۆ.

فەیلەسووفە تەقلیدییەکان لەو رووەوە کە فەلسەفە دەبێ وەسفی ئەو شتە بکات کە هەیە نەك ئەو شتەی کە دەبێ چۆن بێت لەگەڵ سارتەر دا ناکۆك بوون. هەر چەند لە رووی ئاکاریشەوە راست بێتە بەرچاو بەڵام بوونگەرایی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە فەلسەفە بچێتە مەیدانی کارەوە، بەم پێیە شتێکی سەیر نییە کە ئەمجۆرە هزرە لانی کەم تا ئەندازەیەك ببێتە رێپیشاندەرێك بۆ ژیان (لەسەرێکەوە دەبێ ئەوە قبوولبکەین کە ئەمە شتێکە نزیك لە سەپاندنی ئاکاری، بەڵام لەم قۆناغەدا چەمکی سارتەر بۆ چاکە بە رادەی پێویست بنبڕانە نەبوو کە وا لە بوونگەرایی بکات لەو تۆمەتە بپارێزێت کە سیستمێکی ئاکارییە، بەڵام ئاڵۆزە. تەنها پاشتر کە بوونگەراییەکەی لایەنێکی

کۆمەڵایەتیی زیاتری بە خۆوە گرت، ئەم مەسەلەیە گۆرا).

لە هەمان ئەو رۆژانەدا هیتلەر بەبێ ئەوەی بزانیت کە سارتەر سەربازیکی کەشناسییە و لە سوپادا و لەبەرەی شەردایە، بەلجیکای داگیرکرد. هیلی ماژینۆشی بەزاند و چووە ناو خاکی فەرەنساوە. پیشتر سارتەر دی بۆڤواری قەناعەت پێ کردبوو کە " "ئەلمانیەکان زیاد لە پیویست توانای خۆیان پەرشوبلاو کردووە. هەرگیز ناتوانن لە بەرەیەکی وا فراوان بەرگری بکەن" بەڵام دواتر رای گۆری، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی مانگیك لە هەموو بەرەکانی خۆرهەڵاتدا کۆتەرە نامەبەرەکان هاتوچۆیان نەماو سارتەری سەردەستەو بگرە سوپای فەرنساش خۆیان بە دەستەوە دا. ئیدی توانی بچیتە ئەلمانیا و لەوێ دریژە بە تویژینەوەکانی خۆی سەبارەت بە هایدیگەر بدات - هەلبەت لە ئۆردوگایەکی دیلەکانی جەنگدا-. رووداوەکانی دەورووپشتی بە هیچ جۆریك مایەی گاڵتە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەر وەکو رۆژانی بەرەی شەر شیلگیرانە دریژەی بە بەرنامەی تویژینەوەکانی خۆی دا. کلیلەکەش لە دەستی هایدیگەردا بوو؛ هەر

ئەوە بوو کە بوونگەرایی هەنگاوێ بەرەو پێشتر لە دیاردەناسیەکەی هۆسیرل برد.

کارەگەورەکەی هایدیگەر (بوون و زەمەن) لە سالی ١٩٢٧ دا بڵاوبۆوە. لەم کارەدا هایدیگەر تیروانینی سوونەتیانەی فەیلەسووفانیکی وەکو دیکارت و هیوم رەتدەکاتەوە. من وەکو تاکە کەسیك هەرگیز تەنها سەیرکەریکی دەوروپشتەکەی خۆم نیم و ناتوانم واش بم؛ کەسیك کە بەرزترین یەقینی ئەو ئەوەیە کە بیر دەکاتەوە (دیکارت) یان کەسیك کە تەنها تاقی دەکاتەوە (هیوم) نەخیر، من لە هەموو شتیك زیاتر ئاگاییم سەبارەت بە خودی خۆم وەکو بوونەوەریك لەم جیهانەدا هەیە. بەلای هایدیگەرەوە، گرنگترین و گەورەترین یەقین من "دازاین"ە (واتای وشەکە "لەوێ - بوون" دەگەیەنیت کەوا چاکترە بە بوون لە جیهاندا تەرجەمەبکرێ). هایدیگەر بوونی بەرامبەر بە "زانین" - چ لە ریی زانست و چ لە ریی تاقیکردنەوەوە - و تەواوی ئەو چەمکە تەجریدییانەی لە زانینەوە سەرچاوە دەگرن، دادەنا. بە بۆچوونی ئەو ئەمجۆرە چەمکانە نەیاندەتوانی تاکیتی و تایبەتمەندیتیی "بوون لە جیهاندا"ی من

لــه خـــۆ بگـــرن و ئـــەم مەســـەلەیەو تویژینـــەوەی قوولتریتی کە بابـەتی فەلسـەفەیە. گرنگـترین شـتیك کە تەوەری بیرکردنەوەی هایدیگەر بووە "مەسـەلەی بـوون" بـووە. ئـــەو لـــەم پەیوەندییـــەدا تەنانـــەت دیاردەناسیی هۆسیرلیش رەتدەکاتـەوە. "کردارەکانی هۆشیاری" کە لە هەموو پیشگریمانەیەك ئازاد بن - بـەو جــۆرەی کــە لــە دیاردەناسـیدا روودەدات - لــە توانایـاندا نییـــە ببنـــە بنەمایـــەکی بنـــەرەتی بـــۆ زانیارییەکانی ئیمە.

"بـــوون لـــە جیـــهاندا" هۆشـــیاریی ســـەرەتایی ئیمەیەو بە تەنها لەم رییەشەوەیە کـە دەتوانـین روو بکەینە مەسەلەی "مانای بوون". هەسـتی بنـەرەتیی من سەبارەت بـە بـوون بـە شـیوەیەکی بنجبرانـە لـەو رووداوانەوەی کە دینە ریم و لە مەسـەلەکانی ژیـانی رۆژانەمـــەوە ســـەرچاوە دەگـــرن کـــە ســـەرچاوەی ئەمانیش "بوون لە جیـهان"دایـە. بـەڵام هیشـتا هـەر دەکریَ ریگایەك پەیدا بکریَ کە بە هۆیـەوە بتوانـین لە مانای "بوون" بگەین. چۆن؟ "بـە تەنـها لـە ریـی پیشـبینیکردنی مەرگەوەیــە کــە تـــەواوی ئیمکانـــە کـــاتی و ریکەوتـــەکان پـــەراویز دەکـــەون.. کاتـــیَ ئادەمیزاد دەرك بە کۆتاییهاتنی بوونی خـۆی دەکات؛

له زۆریی ئەو ئیمکانانەی راستەوخۆ دینە بەردەمی دوور دەکەویتەوە - ئیمکانی لە چەشنی حەوانەوە، ئاسوودەیی..." و بۆ گەیشتن بەم "بریارە رەها"یە دەبێ "ئازاد بین بۆ مەرگ".

تا ئیرە بەوەشەوە کە کەمیك "ئەلمانی دیتەبەرچاو مایەی ئافەرینە. بەلام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بۆچی نابیت بە دوای حەوانەوەو فرە چەشنیدا ویڵ بین، یان کەمیك ئاسوودە بین؟ لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی هایدیگەر ئەمانە بۆ تیگەیشتنی بوون رینومایییمان ناکەن. بەلام لە بنەرەتدا ئەم گەرانە بۆ دەبێ پیویست بیت؟ یان بە واتایەکی دی، ئایا لە بنچینەدا چالاکیەکی وەها، یان تەنانەت ئەو وشانەی کە دەربری ئەو چالاکیەن؛ مانایەکیان هەیە؟ ئەم خالەش وەکو گەلێ چەمکی دی کە هایدیگەر دەیەوێ روونیان بکاتەوە؛ ئالۆزن و پیناسەیەکی وردیان نییە. لە راستیدا ئەو زاراوە تایبەتیانەی کە ئەو هەولدەدات بە هۆیانەوە ئەم چەمکە ئالۆزانە روونبکاتەوە دەشوبهینە سەرهەمان

ئـەو وشـــە رەمزاوییانـــەی کـــە خـــۆی بـــە مایـــەی ئەفسوسیان دەزانیت*.

بەلای زۆربەی خەلکی ئەلمانیاوە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتدا ژیـانی هایدیگـەر زۆر ئاسـوودە و بـێ گیروگرفت دەهاتە بەرچاو. ئـەو وەکـو مامۆسـتایەکی زانکۆ دەژیا کـە کوختیکـی زۆر جوانـی لـە جەنگـەلی رەشدا بۆ تەرخانکرا بوو. کـەمترین شـتیك دەربـارەی رەفتاری ئەو بەرامبەر بە نازیستەکان بیلیین ئەوەیە کـــە رەفتـــاریکی دوو لایەنـــەی هـــەبوو. هایدیگـــەر مەسەلەی نازیستەکانی هیند بـە ئاسـانی گرتبـوو کـە تەنانەت لە سالآنی دواتریشدا بچووکترین پۆزشی لەو بارەیەوە نەهینایـەوە. بـەلآم نابـێ ئیمـە بـە گویـرەی خالە لاواز و بـەهیزەکانی کەسـیتیی هایدیگـەر خـۆی تەماشـای خالـە لاواز و بـــەهیزەکانی فەلســـەفەکەی بکەین. لە سەریکی تریشـەوە سـارتەر ئـەم هەلەیـەی نەکردو ئەمەش شتیکە کە لای ئیمە جیی بایەخە.

---

● لیرەدا نووسـەر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی سەبارەت بـە ئالۆزیی زمانی فەلسـەفیی هایدیگـەر دوو کۆپلـەی کـورت وەکـو نموونە دەهینیتەوە، کە وەرگیرانیانم زۆر بە پیویست نـەزانی و هینـدە بەسـە کـە خوینـەر بزانیـت زمـانی فەلسـەفیی هایدیگـەر زمانیکی سادە نییە. –و. کوردی–

بەلآم باس و لیکۆلینەوەکانی هایدیگەر، تەنانەت گەر رووکەشی دەربرینەکانی لەبەر چاوبگرین، ئەوە نین کە دینە پیشچاو. لە دوو تویی هاندانی جیددییانەو راستگۆیانەی ئەودا بۆ پاریزکردن لە ئاسوودەیی و رووبەرووبوونەوە لەگەلٌ راستیەکاندا و بە جیددی گرتنی ژیان، کۆمەلیك گریمانەی شاراوەی تر هەن کە لەگەلٌ کیشمە کیشە هاوچەرخەکانی ئەمرۆماندا زۆر جیاوازن. بۆ نموونە: پاش لافلیدانە میژووییەکەی نیچە کە "خودامردووە، کەسانیکی بیشومار بروایان وایە کە ژیان ئامانجیکی دیاریکراوی نییە. چاکە و خراپە بوونیان نییە و لە دوا ئەنجامیشدا ژیان بە شیوەیەکی گشتی بەها و مانایەکی نییە. لەم حالەتەدا ژیان دەبیتە جۆریك لە پووچی (بیهوودەیی) یان جۆریك لە گالتە. ملیۆنەها کەس بەبیّ ئەوەی هیچ دریخییەکیان هەبیت لە برسا دەمرن؛ یان بوونەوەریك - کە تەنانەت ناکریّ پیی بلیین بوونەوەریش- بە هۆشیارییەك و توانایەکی کەمەوە دەبیتە بەهیزترین کەسی سەر ئەم گۆی زەوییە. کەواتە چۆن دەتوانین لافی ئەوە لیبدەین کە ژیان بە جیددی بگرین؟ لە سەریکی تریشەوە ئیمە زۆربەی کاتی خۆمان بە بیدەربەستی

و گویٚ پینەدان دەبەینــە سـەر - حەوانـەوەو خـۆ بـە دوور راگرتـن لـە خۆمـاندوو کـردن و کـاری سـەخت، یـانیش خۆدزینــەوە لــە رووبەرووبوونــەوە لەگــەڵ پرســـیارە گەوهەرییـــەکاندا. عادەتـــەن بـــەمجۆرە بیدەربەسـتییە دەلیـن لـەززەت کـە ئـادەمیزاد بـەرەو شـادی و خۆشـحالی دەبـات: ئەمــە هــەمان ئامــانجی فەیلەسووفانی راستەوە هەر لە زەمانی ئەرستۆوە تـا ئیستا. لەززەتکردنی ژیان یان ئاسوودەیی پانتاییەکی فراوانـــی چالاکیـــەکانی داگـــیرکردووە، هـــەر لـــە تویژینەوەی ئەدەبی دەولەمەندەوە بیگرە تـا چنینـی گۆرەویـی خـوری (کـە هایدیگـەر حـەزی لـیٚ بــوو) و بەبیٚ ئەوەش ژیار مەیسەر نابیت. کـەلتوور، هـەر لـە بــیری ماتماتیکییـــەوە بیگـــرە تـــا بـــیروبۆچوونی خەیالئــەنگیز و عــاتیفی، یــان تەنانــەت ژەنینـــی فلووتیـش، هــەموو ئەمانــە پیویسـتیان بــە زەمــەن هەیـە.. ئەگـەر لـە پریکـاو لــە شـەویك لـە شـەوانی زسـتاندا و لــە نــاو جەنگــەلی رەشـدا بـیٚ جووتـیٚ گۆرەویی خوری بم و کلیلـی کۆختەکـەم ون بووبیـت، ئـەوا بیگومـان زەینـی مـن بـە "مەسـەلەی بـوون"ەوە خــەریك دەبیــت -بــەلاٚم نــەك بــەو شـیوەیەی کــە هایدیگەر باسی دەکرد. وا مەزانن ئـەم نموونەیـە بـۆ

گاڵتەبازییە. بەپێی قسەکانی هایدیگەر، بیروبۆچوونە سارد و بێ ڕۆحەکانی من لە جەنگەلی پڕ لە بەفردا دەکرا بەو پەڕی ئاسوودەییەوە بەرامبەر بەو مەسەلەیە بێدەربەست بێت. لە ڕاستیدا فەلسەفەکەی هایدیگەر هێندەی فەلسەفەکەی دیکارت ڕەگوریشەی لە پێشکەوتنی هزردایە.

سارتەر بە باشی دەرکی بەم مەسەلەیە دەکرد و ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانی کەشێکردنەوەکەی هایدیگەر بۆ بوون لە قۆناغی تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن بەرێت. ئەو دەیویست کە بیباتەوە سەر فەلسەفە سەرەکییەکەی بوونگەراییەکەی کیرکیگۆر کە بایەخی بە ژیانی کارا – هەڵبژاردن و کردەوەی هەر تاکە کەسێك- دەدا. بەڵام بەر لە هەموو شتێك و لە بری ئەوەی فەلسەفە بێتە مەیدانی پراکتیزەوە، دەبووایە فەیلەسووف خۆی لە ژیاندا بچێتە مەیدانی کار و کردەوەوە. بۆیە بڕیاری دابوو کە بە زووترین کات لە ئۆردووگای دیلەکانی جەنگ دەربازبێت و ئاخرییەکەی لە مانگی مارسی ١٩٤١ دا خۆی قوتار کرد. ڕاپۆرتێکی پزیشکیی ساختەی دروستکرد و بەو جۆرە خۆی لەوێ ڕزگار

کرد و گەرایەوە بۆ پاریس. ئەگەر ئـەو بەشـیوەیەکی تەقلیدیانە رایبکردایە، ئەگەری دەسکەوتنی بلیتیکی خۆرایـی لـە لایـەن ئەلمانیەکانـەوە زۆر کـز دەبـوو و هەروەها دەبووایە بـەبێ هیـچ بەلگـە و ناسـنامەیەك بژیایە. لە کاتیکا ئەو کە گەرایەوە بۆ پاریس توانیـی بچیتەوە سەر کارەکەی پیشووی خۆی کە مامۆسـتایی زانکـۆ بـوو لـە دەوروبـەری پـاریس و، نزیـك شـوینی ژیـانی دی بۆڤـوار ژووریکـی بـەکرێ گـرت. ریـك لـە ناوجەرگەی ئەو جەنجالی و هـەراو زەنایـەی پاریسـی ئەوسـادا کـە لەلایـەن نازیسـتەکانەوە داگـیرکرابوو؛ دەستی بە نووسینی شاکارە فەلسەفیەکەی خۆی واتە (بوون و نەبوون) کرد.

ئەمـــە دەســـتکەوتیکی ئاســـایی نـــەبوو. دوا دەسنووســـی کتیبەکـــە پـــتر لـــە ٧٠٠ لاپـــەرە بـــوو، ئامـادەکردنی ئـەم بـرە کاغـەزەش لـە قـات و قریـی زەمانی شەردا و لە شاریکی داگیرکراودا ئاسان نەبوو. لـە شـاریکدا کـە تەنانـەت نانیشـی بـە زەحمـەت تیـا پەیدا دەکرا -گەرچی ئـەو قاوەخانەیـەی کـە سـارتەر بـەردەوام رووی تـێ دەکـرد هیشـتا هـەر قـاوەی بۆنخۆشی بە مشتەرییەکانی دەدا-.

هەروەکو لە ناوی کتیبەکەشەوە دیارە، ئەم کارەی سارتەر بەرادەیەکی زۆر لە ژیر کاریگەریی هایدیگەردا بوو -هەلبەت نەك هەر لە رووی بیر و بۆچوونەکانەوە-. لەم کتیبەدا سارتەر ریّ بە خۆی دەدات دەستەواژە ئاساییەکانی ئەو کە بە زۆری پەخشانیکی شەفاف و روون بوو؛ بگۆریت بۆ گیژاویك لە وشەی تایبەتی و تەنانەت ناروونیش. هەلبەت لەبەرئەوەی خۆی نووسەریکی داهینەر بوو هەرگیز نەچووە ژیر باری زاراوە تایبەتیەکانی هایدیگەرەوەو، زاراوەگەلیکی وەها تایبەت بە خۆی داهینا کە تیگەیشتنیان دژوار بوو. خۆشبەختانە پەیامی بنەرەتیی فەلسەفەکەی سارتەر هیندە روونە کە دەکریّ بە کەمترین وشەگەلی بوونگەرایانە گوزارشتی لیّ بکەین. ئەو بەو لافەوەی کە ئەم کتیبەی کاریکی فەلسەفیی ئاسایی نییە بە دی بۆڤوار دەلیت: "دەشیّ لەم کتیبەدا هەندیّ دەستەواژە هەبن کە ببنەمایەی ماندوویتی، بەلاّم لافلیدانی توندیش هەن: بۆ نموونە دەشیّ یەکیك سەرنجی هەموو کونەکان بدات، بەلاّم یەکیکی دی بە تەنها سەرنجی کۆم بدات و شیوازی ئیتالیایی پەسەند بکات".

هەلبەت بۆ ئەوەی خوینەر نا ئومید نەکەین وا چاکترە تەنها باسی خالە فەلسەفیەکانی کارەکەی بکەین؛ نەك ئەو لایەنانەی لە کار و بیر و بۆچوونەکانی ئەودا وەکو ئەشکەوت وان.

سەرەتا لە ناونیشانی کتیبەکەوە دەست پێ دەکەین کە هۆشی مرۆڤ (نەبوون - *nothingness*) بە بوونەوە دەبەستیتەوە. ئەو بەمجۆرە روونیدەکاتەوە: "هۆش.. بۆشاییەکی تەواوە (لەبەر ئەوەی هەموو دونیا کەوتۆتە دەرەوەی ئەوەوە)" بەم پییە هۆش لە دەرەوەی سنووری ماددەدایە - واتە "ناماددە"یە (کە ئەمە زاراوەیەکی پسپۆرانەیە) - و هەر لەبەر ئەمەشە کە دەکەویتە دەرەوەی سنووری جەبری هۆکارداری میکانیکییەوە و ئازادە. لیرەدا چەمکی بوون لای سارتەر جیاوازە لە چەمکی بوون لای هایدیگەر. لای سارتەر بوون واتە بوونی هۆشمەندی تاکەکەس کە توانای ئەوەی هەیە لە دونیای دەوروبەریدا هۆشیاریی خۆی ریکبخات. دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆجیا)ی هۆسیرل هۆشیاریی شوبهاندبوو بە هۆشیاریی ورد و دیاریکراوی هونەرمەندیك و پیغەمبەریك، بەلام جاریکی دیکە ئەم هۆشیارییە بە "ناشرین و هەرەشە ئامیز و خەتەرناك و دالەدار

بــه پەناگــەی جوانــی و عیشــق" پیناســـه کرایـــەوە (مەبەســـتی نووســـەر ئەوەیـــە کـــە چیـــدی ئـــەو هۆشیارییە هۆشیارییەك نەبوو کە تایبەت بیت بە کەسە هەلکەوتووەکان، بەلکو سارتەر زۆر زەمینیانە پیناسەی کردووە -و. فارسی-) وەلێ سارتەر لەمەش زیاتر دەروات. ئەو دەلیت کە ئیمە بە تەنها لە ریی هۆشیارییەکی قوولترەوە، وەکو ئەوەی لە کاتی بەکارهینانی ماددەی سرکەردا دیتە دی، ناگەینە ئەم هۆشیارییە بە خود. نەخیر، ئیمە لە ریی کارەکانی خۆمانەوە بەم هۆشیارییە دەگەین. ئەو هەلبژاردن و کارانە (کردارانە)ش لە هزرماندا روو نادەن، بەلکو لەو شتانەی کە لە واقیعدا و لە دەوروبەرماندان "لە شەقامدا، لە شاردا، لەناو حەشاماتیکدا، شتیك لە ناو شتی تردا، کەسیك لە ناو کەسانی تردا".

لای سارتەر بنەرەتیترین مەسەلە هۆشیارییە نەك "بوون"ی هایدیگەر. بەلام هۆشیاری لە بۆشاییدا روونادات، ئەم هۆشیارییە پیویستە هۆشیاری بیت "بەشتیك". لیرەوەیە کە فەلسەفەکەی سارتەر فەلسەفەی جۆریکە لە کردار (کار). تەواو بە پیچەوانەی هایدیگەرەوە تیروانینی سەرەکیی ئەو بۆ ماهیەتی بوون نییە، بەلکو بۆ دوو

لایـەنیتیی ئـەوە. ئـەم دوو لایەنیتییـەش نـاو دەنیـت "لـە خـود" و "بـۆ خـود" (واتــە "بــوون لــە خــودی خۆیدا" و "بوون بۆ خۆی" -و.کوردی).

"بۆخــود" نەبوونــە، هۆشــیارییە کـــە ئــازادە و جیهانی شتەکانی بوونـی ئـەو جیهانـە دیـاری ناکـات. هـەروەکو لای هایدیگـەریش ئـەم گریمانەیــە دواجــار پشتبەستوو بوو بە یەقینبوونی بیرەوە لە فەلسەفەی دیکـارتدا، بــەڵام ســارتەر ئــەو چەمکــەی ئـــەو بـــۆ "هۆشـیاری" رەتدەکاتــەوە بــەوەی کــە بیرۆکەیەکــە و بەرەو زانینمان دەبات (ئەو شتەی کە دیکارتیش پیی لـێ دادەگرت).

لە راستیدا "بۆخـۆی" (واتـە بـوون بـۆ خـۆی -و. کوردی) هیچ نازانیت. گۆشە نیگای زانینــی پــەتی لــە نــاوخۆیدا نــاودژی (تنـــاقض)ی تیایــە. بــە تەنــها دەتوانــین قســە لــەو زانینــە بکــەین کــە لەگـــەلیدا رووبـــەروو دەبینـــەوە. "بۆخـــۆی" تیگەیشـــتنی ئامانجداری ئیمەیە کە هــەلدەبژیرێ و ســەرەنجامیش ئەوە دەکات بە کردەوە".

ئەو دەلیت: "هۆشیاری بەو جۆرەی پەسەندیتی هەلدەبژیریت". بە دەربرینیکی دیکە، هۆشیاری لە ریی هەلبژاردنەوە خۆی دروستدەکات.

تەواوی فەلسەفەکەی سارتەر پشت بە ئازادیی تاکەکەس لە هەلبژاردندا دەبەستیت. ئەم ویستەش تەنانەت بەسەر کەسیکدا کە لە هەلویستیکی میژووییشدا خۆی بە دیل دەبینیت؛ دەسەپیت. لیرەدایە کە ئەم فەلسەفەیە لە مرۆڤیکدا کە باوەری قوولی بە ژیانی ئازاد و ئازادیی تاکەکەس هەیە؛ بەرجەستە دەبیت. چ شتیك لە ئازادی بەنرختر و بەهادارتر بوو لە ولاتیکدا کە بیگانە داگیری کردبوو؟ چ تویژینەوەکانی و چ سوور بوونی ئەو لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانیت هەلبژیریت بە باشی ئەوە دەردەخات کە گرنگترین بیر و بۆچوونەکانی لە رۆژگاری جەنگدا فۆرمەلە بووە و دایرشتوون. هەر لەم رووەشەوە دەتوانین فەلسەفەکەی ناوبنیین فەلسەفەی ئازا لە بەرەنگار بوونەوەو سەرپیچی کردندا. "من کە کەوتوومەتە ئەم جەنگەوە هەقی منە". لیرەدا هیچ باس لە دوژمن ناکریَ. دوژمن قبوولکردنی هەمان ئەو

دۆخەیە کە لە  ئارادایـە لەگـەڵ ڕۆیشـتنی هـەمووانـدا بــەرەو هــەڵبژاردنی تاکەکەســیانە. دوژمــن هــەمان قبوولکردنی "ئەویتر"ە.  واتـە هـەموو شـتەکان جگـە لـە هۆشـیاریی تاکەکەسـیانەی مـن. هەڵبەتـە سـارتەر گرنگی بەو خاڵـەش دەدات کـە ئەمـە خـۆی دۆخیکـی پـووچ و بـێ ماناشــە - دوا جـار مــرۆڤ بــە هــەموو تواناکانیەوە بیهوودە و بێ ئاکامە.  نـە باشـە هەیـە و نـەخواوەند و نـە هیـچ پیودانگیـك کـە بتوانــرێ بــە هۆیـــەوە حوکــم بـــدرێ. دەنگدانـــەوەی ژیـــان لـــە سیسـتمیکی نائاکاری و شـەرئەنگیزدا تــەواو ڕوونــە. ئەم ڕوونکردنەوانەی سارتەر ســەبارەت بـە پیناسـەی مــرۆڤ دەربــڕی هەڵویســتیکی تایبـــەتیی ڕۆژگـــاری پاریسی داگیرکراوە لەلایەن نازیستەکانەوە. پیدەچوو نیو سەدە دواتر ئەم پیناسەیە کەمتر هیـوا بـر بیـت. هەڵبـەت هیلـە دیاریکراوەکانی هــەر ئەوانــە دەبــوو (ئەگـــەر بیباوەرییەکـــەی ســـارتەر قبوولبکـــەین). ئەمرۆکـەش دەشـێ هـەموومان مـەیلمان بـەلای بـیرو بۆچوونـی تـردا هــەبیت کـە گەشــبینانە دەروانیتــە مـرۆڤ، بـەڵام بەشـیوەیەکی گشـتی دۆخــی ئــەمرۆی ئادەمیزادیش هەر پووچ و بیهودەیە.

پاش ماوەیـەك ئـەم دوو وشـەیە (واتـە پووچـی و بیهوودەیی – و.کوردی) بە جۆریك لای بوونگـەراکان دڵپەسـەند بـوون کـە وەکـو کلیشـەیەك بـەکاریان دەهینـا. لـە قاوەخانـەکانی لیفـت بـانکدا ئـەم دوو وشەیە وەکو وشەی نـهینی کـە گروپـی بوونگـەراکانی لـە گروپـەکانی دیکـە جیـادەکردەوە؛ بـەکاردەهینران. ئەگەر کەسـیك تیـۆرەی پووچـی و بیـهوودەیی ژیـانی قبووڵ نـەکردبا؛ نـەدەکرا بـە بوونگـەرا بژمیردرایـە. هـەر بۆیـە دەشـێ وا پیویسـت بیـت تۆزیـك زیـاتر گرنگی بـەم دوو وشـەیە بدەیـن و لییـان بکۆڵینـەوە. هـەروەها بزانـین بوونگـەراکان لـە بنـەرەتدا چـۆن باوەریان بە رۆڵی تاکە کەس هەیە؟

وشەی *Futile* (بیهوودە) لـە وشـەیەکی لاتینیـەوە هـاتووە کـە بـە مانـای لیوانلیـو بـوون دیـت، واتـە بـۆ نموونـە لیوریـژ بـوون لـە دەفریـك بـەبێ ئـەوەی مەبەستیك لـە پشت ئـەم کـارەوە هـەبیت. ئـەمرۆ وا دیتـە پیشـچاو کـە زیـاتر بـە مانـای بـێ توانـایی لـە بەرهەمهینانیکدا بیت کـە شـایانی سـەرنجدان بیـت و بەرەو ئەنجامیك بچیت کە قـابیلی سـوود لیوەرگرتـن بیت. وشەی *absurd* (پووچ)یش لە بنەرەتدا بە مانای دەرچوون لە هـارمۆنی بـەکاردەبرا کـە ئـەمرۆ زیـاتر

مانـای نـەگونجان لەگــەڵ ئــەقڵ یــان داب و نــەریتدا دیت. بەڵام بەکارهینانـەکانی ئـەم وشـەیە لـە زمـانی ئینگلیزیدا جۆرە تەنزیك بەخۆوە دەگریت کە کەمتر ئـەو مانایانـە دەدات بـە دەسـتەوە کـە لـە ئـەوروپادا هەیەتی. بەلای هایدیگـەرەوە ژیـان بـە دۆخیکـی زۆر جیـددی دەژمــیردرا و بیگومــان لای ســارتەریش بــە گالتە لە قەلەم نەدەدرا. دەشیٚ ئـەم جـۆرە هـزرە بـۆ دونیــای ئینگلــیزی زمانــەکان گونجــاوتر بیــت، کــە دونیاکەیان لە هی ئەوروپاییەکان ئاسوودەترەو گالتە ئامیزترە.

هەستی ئاسایی ئیمـە (مەبەسـتی لـە ئینگلـیزە - و.فارسی) زیـاتر وا دیتـە بـەرچاو کـە مـەیلی بــەلای قوولنەبوونەوەیــەکی تایبـــەتیدا هەیـــە کـــە لـــە بیرکردنەوەی فەلسەفی خالییـە. هـەولی بوونگـەرایی بـۆ روونکردنـەوەی گوتــەزای مــرۆڤ دەکــریٚ ببیتــە زەمینەیــەکی گونجــاو بــۆ قووڵایــی بەخشــین بــەو "من"ە تیکشکاوەی کە لە دونیای مۆدیرنی خۆرئاوادا هەیە. پووچی و بیهوودەیی بە هــەمان ئـەو رادەیـەی کە دەشیٚ بـۆ ئینسـان ویرانکـەر و هەرەشـەکەر بیـت، دەگریٚ بنیاتنەریش بیت.

بگەڕیینــەوە بــۆ باسـی بــوون و نــەبوون. ســـارتەر جــەخت لـــەوە دەكـــات كـــە دوژمـــن قبوولكردنـــی "ئەویتر"ە. لیرەدایە كە سارتەر لە ڕەفتاری "بەتەنها باوەر بوون بە خـود"ی خـۆی لـە پـەیوەندیدا لەگـەڵ جەنگدا نزیك دەبیتەوە. دەبێ ئەوەش بلیین كە لـەم ڕووەوە لە لایەن "گابریل مارسیل"ی هاوچەرخیـەوە بــەرگریی لـــێ دەكـرا، كــە لـــە راســـتیدا یەكـــەمین فەیلەسـووفی فەرەنسـایی بـــوو كـــە بوونگـــەرایی پـــێ قبووڵ بوو. بــە بـرواى مارسـیل تـا ئـەو شـوینەی كـە پەیوەندیی بــە تاكەكەسـەوە هەیـە؛ كۆمـەلگا "دەشـێ وەكو نیشانەیەكی نەگـەتیڤ گوزارشـتی لـێ بكـرێ". هەلبەت مارسیل توانیی بـە باوەرهینـان بـە مـەزەبی كاسۆلیك تۆمەتی "بە تەنها باوەر بوون بە خود" لە كـۆڵ خـۆی بكاتـــەوە. وەلـــێ مرۆڤـی ســارتەر تـــەواو تەنیایـــە. ئـــەو دەلیـــت "ئـــەویتری مـــەرگی شـــاراوەی ئیمكانەكانی منە". بەڵام هەر وەكو پیشتریش وتمـان هۆشـــیاری واتـــە هۆشـــیاری "بەشـــتیك". هۆشـــیاری (نەبوون) یەك بەركرداری هەیە (بـوون). بـەم پییـە سارتەر توانیی خۆی لە قبوولكردنی بـە تەنـها بـاوەر بوون بە خود بە مانـا تەواوەكـەی - كـە دەلیت هـەر مـــن و دونیـــای دەوروبـــەر بـــە تەنـــها بەشـــیكە لـــە

هۆشیاریی من- فوتار بکات. بەڵام هێشتا هەر هەڵوێستەکەی سارتەر، هۆشیاریی تاکەکەس بە تەواوی لە دونیای دەرەوەیدا دەداتەوە دەست خۆی. ئەو لە کۆتاییدا ناچار دەبێت پەنا بەرێتەبەر باسی ئاڵۆز و بە پێچ و پەنای پڕ لە زاراوە، ئەمانەش بەرەو کۆمەڵیك بەڵگەی ئاسایی ڕۆژانەمان دەبەن کە ئێمە بە گوێرەیان و لە چوارچێوەی تاکیتیی خۆماندا کە پێی دەوترێ ژیانی ڕۆژانە بوونی ئەوانیتر قبوول دەکەین. ئێستاش کە گوتەزای "ئەویتر" پتر بووە مایەی قبوولکردن، سارتەر ئەخلاقیات (ئاکار) دەخاتە ڕوو.

بەڵام ئەخلاقیاتی ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوانیترەوە نییە. ئەو ئەخلاقیاتیکی پووچی گونجاو بۆ ئەم دونیا پووچە دادەڕێژێت. ئەو بەبێ هیچ جۆرە تانەو تەشەریکی ئاشکرا دەڵێت "تەواوی ڕەفتارە مرۆییەکان وەکو یەك وان.. بەم پێیە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان کەسیکی مەست و کەسیکی تردا کە رابەری میللەتیکە. ئەگەر یەکیکیان لەوی تریان باشتربیت هۆکەی بۆ ئامانجە واقیعیەکە ناگەڕیتەوە؛ بەلکو بۆ ئاستی هۆشیاری بەو ئامانجە دەگەڕیتەوە". بەڵام کەسیك کە منالیکی

بەخیوکردووەو یان کەسیك کە بە ماددەی سرکەر موعتادە، بە ئاسانی گومان لەم لافلیدانەی سارتەر دەکات - واتە ئەوەی کە هەموو کردەوەکان بە یەك یەکسانن-. وەختێ شتیك هەلدەبژیرین دەبێ سەبارەت بەو کارەی خۆمان هۆشیار بین و بەرپرسیاریتییەکەی لە ئەستۆ بگرین. دەبێ ئامانجی من ئەوە بیت کە ئاستی هۆشیاریی خۆم بەرز بکەمەوە؛ کە سەرەنجام هۆشیاریم بە کەسی خۆم و چارەنووسی خۆم زیاد دەبیت و بە هەمان رادەش بەرپرسیاریتیمان لە چارەنووسی خۆمان و کردەوەکانی خۆمان و ئەو کەسەی کە لە ئەنجامی ئەم کردەوەو هۆشیارییانەوە دروست دەبیت، زیاد دەکەین.

ئەگەر چاکە و خراپە و بەهای رەها لە ئارادانەبن؛ کەواتە هیچ کردەوەیەکی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا لە کردەوەیەکی دی پەسەند تر نییە. (لەم حالەتەدا) دەبێ ئەوەمان پێ قبوولْ بیت کە هەموویان یەکسانن. ئیمە بە هەلبژاردنی خۆمانە کە کاریك بەسەر کاریکی تردا پەسەند دەکەین. ئەم خالەش ریك پیچەوانەی لیبرالیزمە. بەهەر هەلبژاردنیك من خۆم دەخولقینم و بگرە بمەوێ و

نەمەوێ ئـەخلاقیاتیکی تـەواویش دەهینمـە ئــاراوە. هــەروەکو ســارتەریش دەلیـت ئــەوەندە بەســە کــە ناچارمان بکات بیر بکەینەوە. تۆ دەتوانیـت بکەویتـە ژیـر دەسـت و پـێ وە؛ یـان کـاندیدی سـەر کۆمـاری بکرییت، بەڵام بە هەلبژاردنەکەت هۆشیار بە.

ئەم خالە لە مەسەلەیەکی سـەرەکی و بنچینـەیی سارتەرمان نزیك دەخاتەوە، کە ئەویش: بەدنیازییـە، یــان بــە واتایــەکی دی خۆفریــودان. ئیمــە وەختــێ بــەدنیازی دەکــەین کــە خۆمــان فریــو دەدەیــن، بــە تایبەتیش کاتێ هەولدەدەین بـە سـەپاندنی مانـا یـان گونجــان بەســـەر بوونـــی مرۆییـــدا پاســـاوی بـــۆ بهینینەوەو بە مەعقول پیشانی بدەین. دەکرێ ئەمە لە ریی ئـایین و یـان هـەر کۆمەلـە پیودانگیکی تـری ســەپینراوەوە ئــەنجامبدرێ، تەنانــەت قبوولکردنـــی زانستیش تا ئەو جییەی کە بیـەوێ مانایـەکی گشتی بەسـەر ژیـاندا بسەپینیت؛ هـەر دەچیتـە ئـەم چـوار چیوەیــەوە. کــارکردن بــە بەدنیازییــەوە دەبیتــە خۆدزینەوە لە بەرپرسـیاری و سـپاردنی بـە دەرەوەی خود.

یـەکیك لـەو خاڵانــەی تــر کــە بوونگەراییەکـەی سـارتەر بایـەخی پـێ دەدات ئەوەیـە کـە بـوون پیــش

خـود و ماهیــەت دەکــەویت. ســارتەر لــەم بارەیــەوە دەلیت: "مانای ئەم رستەیە ئەوەیە کە مرۆڤ بەر لە هەر شتیك بوونی هەیە، خـۆی تاقیدەکاتـەوە، پاشـان لە جیهان تیوەدەگلێ - دوای هەموو ئەمانەش خـۆی دەناسـینیت". بــەردەوام دەبیـت و دەلیـت: "شـتیك نییـە نـاوی سروشــتی مرۆیـی بیـت، لەبــەر ئــەوەی خودای هەموو شتەکان بینــەریك نییـە کـە مانایـەکی سەبارەت بەو سروشـتە مرۆییـە لا هـەبیت... مـرۆڤ هەمان ئەو شتەیە کە خۆی لە خۆی دروستیدەکات و جگە لەمە هیچی دی نییە. بە هەمان ئــەندازەش کـە خۆی دروستدەکات؛ بوونی هەیە. بەم پییە ئەو جگە لە کۆی کاروکردەوەکـانی هیچـی دی نییـە، ئـەو جگـە لە ژیانی هیچی دی نییە".

لیدوانی سارتەر دەربارەی رەفتاری مــرۆڤ لـە دوا ئەنجامدا دەچیتە دەرەوەی چوار چیوەی لیکدانەوەی سایکۆلۆژیای باوەوە. هیندە بەسە کە مرۆڤ چـەمکی "نەست - لاشعور" رەچاو بکات - کاریگـەریی نەسـت لەسەر کارەکانی مـرۆڤ و رۆلـی لـە فۆرمەلـە کردنـی کەسـیتیی تاکـە کەســدا. ســارتەر هــەولیدا لــە ریــی خســـتنە رووی ســـایکۆلۆجیایەکی بوونگەرایانـــەوە بەسەر ئەم رەخنانەدا زالبیت. ئەو لە کتیبـی (بـوون

و نەبوون)دا ئەمجۆرە سایکۆلۆجیایەی بۆ لیکدانەوەو راڤەی زۆربەی کارو کردەوەکانی مرۆڤ پەیرەوی کرد. خالی سەرەکیی باس و تویژینەوەکانی ئەو لەمەدا کورت دەبیتەوە: "من شتیك نیم جگە لە نەبوون. واتە لە بوون خالیم. ئەو شتەی تامەزرۆیم بۆی؛ ئەو بوونەی دەوروپشتمە، کە من خۆم لیی بیّ بەشم. ئارەزووەکانمان و هەروەها ئەو کارانەی بۆ گەیشتن بەم ئامانج و مەیلانە ئەنجامیان دەدەین "بەشیکن لەم بزاوتە بەرەو بوون".

من بە دوای دونیادا دەگەریم: بە دوایدا دەگەریم تا بە چنگی بهینم و ببمە خاوەنی و لە راستیدا ببمە خودی خۆیشی.

بە مانایەك لە ماناکان لە راستیدا من دەبمە ئەوەی کە دەمەویّ. بەم پییە لەگەلّ هەلبژاردنی شتیکدا نەبوونی من دەگۆریّ بۆ بوون. ئەمە دەنگدانەوەی پرۆسەیەکە کە ریّ دەدات نەبوونی من لە چاوی ئەوانیتردا بۆ بوون بگۆریت. سەرباری ئەمە شتیك کە بتوانریّ نەبوون لە پشتیەوە بشاردریتەوە، من لەم ئازاری بەشتبوونە دەپاریزیت.

کەم تا زۆر ئەمە هەمان ئەو راستییەیە کە لە کاتیکدا روودەدات کە من شتیك سەرف دەکەم یان

دەیفـەوتینم، مـن ئـــەو شـــتە دەخەمـــە ژێـــر ڕکیفـی خۆمەوەو ئەوە نابوت دەکەم کە من ناتوانم بە کـاری بهێنم. ئـەم شـیکردنەوەیە کاتـێ ڕوون دەبێتـەوە کـە من وەکـو نموونـە شـیکردنەوەیەکی بوونگەرایانـە بـۆ جگەرەکیشانی خۆم بکـەم (سـارتەر کەسـێك بـوو کـە زۆر حـەزی لـە جگـەرە کیشـان دەکـرد و تـا کۆچـی دوایی کرد ڕۆژی دووپاکەت زیاتری دەکێشا).

بـەم شـیکردنەوەیە ئـەو ئـەوە ڕووندەکاتـەوە کـە جگەرەکیشان هەم بە دەستهێنەرەو هـەم فەوتێنـەرە. جگەرەکەی من دونیایە؛ لە کیشـانی جگەرەکـەدا مـن ئـەم دونیایـە دەفـەوتێنم و لـە هەمانکاتیشـدا بـە لای خۆمدا ڕایدەکیشم. مەسەلەی ئەوەش کە دەشـێ ئـەم کارە ببێتە مایەی هێدمـە (شـۆك - صدمـە) بـۆم؛ لـە ئـارادا نییـە، وا دیتـە بـەرچاو کـە ئەمـە نـــەفیکردنی بەرپرسیاریتیی من بێت بۆ ئەم دونیایە.

ئەو لافی ئەوە لیدەدات کە: "ئازادیی من ئەوەیـە کە بوون بە خودا هـەلدەبژێرم، ئـەم هەلبژاردنـە لـە کار و کردەوەکانی مندا بەرجەستە دەبێت".

کتێبی "بوون و نەبوون" کۆمـــەلێك توێژینـەوەی تریش لە خۆ دەگرێت کە هــەم لـە ڕووی فەلسـەفی و هەم لە ڕووی خەیالیەوە سەرنجراکیشن.

"هەر مرۆڤێك سۆزیكە. ئەو بۆگەیشتن بە بوون دەیەوێ خۆی لە دەست بدات و لە هەمان كاتدا "لە خود"یكدا دەبیت كە لە ئیمكانی بوون هەلدیت. دەبیتە شتیك كە خۆی هۆكاری خۆیەتی و ئایین ئەمە ناو دەنیت خودا. كەواتە سۆزی مرۆڤ بە پیچەوانەی سۆزی مەسیحەوەیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ وەكو مرۆڤ خۆی لە دەست دەدات تا خوا بتوانیت لە دایك بیت. بەڵام ئایدیای خودا ناودژییەكی تیایە و، ئیمە بیهوودە خۆمان لە دەست دەدەین.

مرۆڤ سۆزیكی بیهوودەیە..."

(بوون و نەبوون) لە ساڵی ١٩٤٣دا بڵاوبۆوە. وەختێ كە پاریس لە لایەن نازیستەكانەوە داگیركرابوو. ئەم كتیبە جگە لە كەسانیك كە لەو رۆژگارەدا پییان دەوترا فەیلەسووف؛ نەیتوانی سەرنجی خەلكانیكی دی بە لای خۆیدا رابكیشیت. خۆشبەختانە ئەم كەسانە گروپیكی تا رادەیەك گەورەی فەرەنسای ئەو رۆژگارە (یان تەنانەت حالی حازر) یان بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی تر (جگە لە ئیرلەندە)دا پیكدەهینا. لەمەشەوە بوو كە هەوالی بڵاوبوونەوەی ئەم كتیبە لە لایەن ئەو كەسانەوە كە خویندبوویانەوە؛ زۆر زوو تەشەنەی سەند و گەیشتە

دەستی کەسانیك کە دەیانویست بە جۆریك لیی بدوین وەك ئەوەی خویندبیتیانەوە. بوونگەرایی زۆر بە خیرایی لە ریی دەستەواژە پووچگەرایانەکانیەوە لە لیفت بانکدا بلاوبۆوە، لەو دەستەواژانەش: "ژیان پووچە"، "مرۆڤ هەژانیکی بیهوودەیە" و شتی تری لەم بابەتە.

سالی ١٩٤٥ بوو کە دووەم جەنگی جیهانی کۆتایی هات. هاوپەیمانانی دژە فاشیست لە ئەوروپادا سەرکەوتنیان بە دەستهینا. بەلام ئەوروپا بوو بوو بە ویرانە. پووچی و بیهوودەیی ئەو دۆخە لای کەس شتیکی شاراوە نەبوو. بوونگەرایی لەو رۆژگارەدا زمانحالی ئەو راستیانە بوو. شتیك نەبوو ناوی عەدالەتی رەها بیت. ملیۆنەها مرۆڤ تیا چووبوون و ئەوانەی لە ژیانیشدا مابوون جگە لە فەردیەتی خۆیان نەیاندەتوانی باوەریان بە شتیکی دیکە هەبیت.

فەرەنسا بوودەلە بوو بوو و لە هەر زەمانیك زیاتر پیویستی بە قارەمانیك (قارەمانی رۆشنبیری نەك هی شەر) بوو. وا دەهاتە بەرچاو کە پیویست بیت فەرەنسا بەرەنگاریی رۆشنبیرییانە (یان کەلتوورییانە)ی خۆی بەرامبەر بە وەحشیگەریی

ئەلمانیەکان بخاتە روو - پیکاسۆ کەسیتییەك بوو کە لە بواری هونەردا توانیی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە (گەرچی ئەو ئیسپانی بوو) سارتەریش پیکاسۆی بواری ئەدەب بوو. هەر چۆنیك بوو چەند وتاریکی بۆ رۆژنامەکانی بەرەی بەرەنگاری نووسی. تەنانەت بە مەبەستی وەلامدانەوەی پیداویستیی خەلکی ئەو سەردەمە؛ سارتەر کتیبیکی بچووکی بە زمانیکی سادە سەبارەت بە بوونگەرایی نووسیی کە ناوی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی" بوو. لەو رۆژگارەدا بوونگەراییەکەی سارتەر لە فەرەنساوە بەرەو دونیا دەچوو.

قارەمانەکەی گەرەکی لیفت بانك بوو بە کابرایەکی ناسراو لە هەموو جیهاندا. وردە وردە بە مەبەستی سازدانی کۆنگرە و روونکردنەوەی بیر و بۆچوونە بوونگەرایانەکانی سەفەری بۆ ولاتان دەکرد. ئایینە کۆنەکان تیکشکابوون. ئەم ئایینە تازەیە "کوفر و نائومیدیی بیزار لە هەموو شتیك" وا دەهاتە بەر چاو کە وەلامدەرەوەی پیداویستیەکانی ئەو زەمانەیە بیت.

جولیت گریکۆ لە ریی گۆرانییە بوونگەرایانەکانیەوە لە ژیر زەمینی قاوەخانەکانی

گەرەکی لاتینی دا لە پاریس ناوبانگی بە دەستهینا. سارتەریش کە سیمۆن دی بۆڤوار لایەوە دادەنیشت؛ لە قاوەخانەی دۆفلۆر نووسینە فەلسەفیەکانی دەنووسیەوە. ئەو گۆرانیبیژە بە جلوبەرگی رەشی خۆیەوە و لەگەڵ فەیلەسووفەکەی ئەم قاوەخانەیەدا وەکو ساختومانەکەی نۆتەردام و بورجی ئیفیل لە فەرەنسادا ببوونە مایەی سەرنجراکیشانی گەشتیارەکانی دونیا.

بەڵام سارتەر بە ئارامی دانەنیشت. لە سروشتی ئەودا ئارامی و رەزامەندی نەبوو، چ جای ناوبانگ و سەرکەوتن (کە لە گۆشە نیگای ئەوەوە ئەمانە پیوانە گەلیکی بۆرجوازییانەو دەربری بەدنیازی بوون). ئەو لەسەر پەرەدان بە هزری و فراوانکردنی بیرورا فەلسەفیەکانی بەردەوام بوو - وەکو هەمیشە: نووسین، نووسین، نووسین، چیرۆك، وتار، کتیب، شانۆ. بەڵام پاش ئەوەی وردە وردە توانای جەستەیی خۆی لە دەستدا؛ پەنای بردە بەر "ژیانی کیمیایی". بۆ ئەوەی لە ژیانیدا - کە بریتی بوو لە کاری زۆری رۆژانە، گفتوگۆی دریژ، خواردنەوەی ئەلکهول لە سەرەتای رۆژدا - بتوانیت میشکی خۆی بخاتەوە گەر و دووبارە قورمیشی بکاتەوەو ناو بە ناویش

زەنگی خەتەری بیدەنگ بکات، پەنای بردە بەر ماددەی کیمیایی بزوین و وروژینەر. لەم رۆژانەدا بوو کە دی بۆڤوار هەندێ جار بۆ پشوو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد و ونی دەکرد تا بتوانیت لەگەڵ دوا بوونگەرای لاوی سەرسامی خۆیدا ئاسوودە بیت.

سارتەر هەمیشە بڕوای وا بوو کە دەبێ مرۆڤ چاوەروان لێ نەکراو بیت. لە راستیشدا تەواوی فەلسەفەکەی لەسەر ئەم بنەمایە داریژرا بوو. بەم پییە وا دەهاتە بەرچاو کە گۆرانی فەلسەفی لای ئەو وەکو باگردینیکی جلەو لە دەست دەرچوو و پیشبینی نەکراو بیت. ئەو لە کەسیکی (بە تەنها باوەردار بە خۆ) وە گۆرا بۆ کەسیکی گرفتاری ناو مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ("گرفتار" یان"مولتەزیم" دواتر بوو بە زاراوەیەکی تری بوونگەرایی). پاش سۆزی بیهوودەی "بوون و نەبوون"، یەکەمین گرنگیدانی بوونگەرایی بە مرۆگەرایی (هیومانیزم) دەستی پیکرد.

روونترین کتیبی سارتەر لە راڤەکردنی ریبازەکەی خۆیدا کتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"ە. ئەم کتیبە سی لاپەرەییە لە ماوەی چەند سالیکدا بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگیررا.

لەم کتێبەدا دروشمی بێزاریی نیوە هیچگەراییانە (نیهیلیستیانە)ش دەبینینەوە: "ئێمە تەنهاین، بە بێ هیچ بیانوویەك. مەبەستی منیش لەوەی کە مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی، هەر ئەمەیە". بەر لەمە سارتەر ئازادیی بەشتێکی بێ بەڵگە و بێ بەهانە دەزانی. لە راستیدا پێدەچوو مانا فەرەنساییە کۆنەکەی "کرداری بێهوودە"ی هێنابێتەوە یادی خۆی: کردارێکی خۆ بزوێن، خۆبەخۆ، بێدەربەست لە ئاست ئاکام و ئەنجامەکانی. خۆشبەختانە کە ئەم وێناکردنە بۆ مرۆڤ و ژیان زیاتر لە ئەدەبدا مانا بە دەست دەهێنێت نەك لە ژیانی واقیعیدا (وەکو کاراکتەری یەکێك لە چیرۆکەکانی جید کە بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو یەکێك لە موسافیرەکانی ناو شەمەندەفەرێکی زۆر خێرا فرێ دەداتە دەرەوە). کردەوەی لەمجۆرە کە بە ئازادییەکی بوونگەرایانەی بێ پاساوەوە دەخرێتە روو، بە کردەوەیەکی ناکۆمەڵایەتی دەژمێردرێ و ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن کەسێکی واقیعی لە دەرەوەی کۆمەڵگایەکی ئەودیو ئەو داب و نەریتانە دەژی.

لەم ساڵانەدا مەبەستی سارتەر لە ئازادیی بێهوودەی ئێمە بە تەنها وەدیهاتنی مانای ئازادیی

بوونگەرایانــە بــوو. لــە راســتیدا ئەمــە زیــاتر بەرجەستەبوونی فەلسەفیانەی ئەو ئازادییە بوو.

سارتەر هەر زوو پەی بەوە بـرد کـە ئەگـەر چـی ئــەم رووبــەروو بوونەوەیــە لەگــەڵ رەهــەندی فەلسەفیدا قابیلی بـەرگری لیکردنـە، بـەڵام لـە رووی کۆمەڵایەتیـەوە قبـووڵ نـەدەکرا. بـەلکو هـەر وەکـو ئەوانەی دەوروبەری و هـەوادارەکانی دەیانوت؛ ئـەوە بە ناکۆمەڵایەتی و دژە کۆمەڵایەتی لە قەلەم دەدرا.

لە کتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"دا؛ چەمکی سـارتەر بـۆ ئـازادیی مـرۆڤ لایـەنی کۆمەڵایــەتیی بـەخۆوەگرت. ئیـدی ئـازادی مانـای بەرپرسـیاریتیی کۆمەڵایەتیی لە خۆ گرتبوو. ئەو پیشتر وتبـووی کـە ئیمـە بـە هـەر هــەلبژاردنیك بــە تەنــها خۆمــان نــاخولقینین، بــەلکو ئــەخلاقیاتیش دەناســینین. لیرەشدا بە تەنها هەنگاویکی بچووك بۆ گەیشتن بـە مانــای بەرپرســیاریتیی کۆمەڵایــەتی مــاوە، بــەڵام هــەنگاویکی گرنگـە، لەبـەر ئـەوەی دواجـار بوونــی ئەوانی تر قبوولدەکات و بگـرە ئـەوەش قبوولدەکات کـە ئـەوانی تـر رۆلیکـی دیـار لـە چارەنووسی ئــەودا دەبینــن. ئــەو دەنووســیت: "مــرۆڤ لــە ریــی هەلبژاردنیــەوە بــۆ خــۆی، بــۆ مرۆڤایــەتیش

هەلدەبژیریت. لە راستیدا لە تەواوی ئەو کارانەدا کە مــرۆڤ بــەو جــۆرەی دەیــەویت خــۆی بخولقینیــت؛ ئەنجامیا ن دەدات، کاریك نییە کە ئەو وینایـە پیشان نەدات کە ئەو دەبێ چۆن بیت".

"ئـەو کـارە بکـە کـە حــەز دەکــەیت ئــەوانی تــر بەرامبەر بە تۆ ئەنجامی بـدەن" "ئاسـایش و ئـارامی بۆ تەواوی کەسە چاکەخوازەکان" ئەمانە هەندێ لەو دەســـتەواژانەن کـــە بناغـــەی ئـــەخلاقیاتی ژیـــاری خۆرئاوایان پیکهینابوو. بناغەی فەلسـەفیی ئـەمجۆرە هــزرە دەگەریتــەوە بــۆ چــەمکی ئــەرکی ئاکــاریی "کـانت" کـە سیسـتمی ئاکاریی بەمشـیوەیە دارشـت: "بەتەنها پەیرەوی لە ریسایەك بکە کە حەز دەکەیت ببیتــە ریسـایەکی گشــتی". بــەم پییــە ئــەخلاقیاتی ســارتەر شــتیکی تــازەو داهیــنراو نــەبوو. تەنانــەت بوونگەرایانــەش نــەبوو، گــەرچی ئــەو خــۆی بــە جیکردنەوەی لە روانینیکی بوونگەرایانەدا بۆ ژیان و ئازادی؛ لافی ئەوەی لیدەدا.

لە کتیبی "بوونگەرایی و مرۆگـەرایی"دا سـارتەر بـەمجۆرە گوزارشـت لـە مرۆگـەرایی دەکـات: "مــرۆڤ هەمیشە لە دەرەوەی خودی خۆیدا بوونی هەیە: ئەو بـە تەنـها لـە ریــی وینــاکردنی خــودی خۆیــەوە لــە

ئایندەدا و لە دەستدانی خودی خۆیەوەیەتی کە دەتوانێ هەبێت، بە واتایەکی دی ئەو بە ئامانجی سەقامگیرکردنی ئایدیا باڵاکانی خۆیەوەیەتی کە دەتوانێ زیندوو بێت. بەم پێیە، مرۆڤ دەتوانێ خودی خۆی تێپەڕێنێت و هەر لەم تێپەڕاندنی خودەشدایە کە ئامانجەکانی خۆی بە دەست دەهێنێت: لە ڕاستیدا ئەو ناوکی سەرەکی و سەنتەری ئەم تێپەڕاندنەیە". بە واتایەکی دی مرۆڤ خۆی ئایدیالە باڵاکانی خۆی دیاریدەکات، ئەو ئایدیالانەی کە دەشێ دونیا (بوون)یش تێپەڕێنن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ئایدیالانە سەنتەری باڵابوونی خودی ئەو (نەبوون) نین. "جگە لە دونیای مرۆڤەکان، دونیای خودیتیی مرۆڤەکان، هیچ دونیایەکی دیکە نییە".

گەرچی سارتەر هەمیشە لافی ئەوەی لێدەدا کە "من مارکسیست نیم" بەڵام بەهۆی هەڵویستە دژە بۆرجوازییانەکەیەوە بەردەوام مەیلی بەلای سۆشیالیزمی ڕادیکاڵدا هەبوو. هەر چۆن بوونگەراییەکەی سارتەر وردە وردە بەلای ئیلتیزامی کۆمەڵایەتیدا دەشکایەوە، بیرو بۆچوونە فەلسەفیەکانیشی ڕەهەندیکی کۆمەڵایەتییان بەخۆوە

دەگرت. بە گویرەی ئەنجامگیریی ئەو لە دونیای مۆدیرندا سێ فەلسەفە هەبوو. فەلسەفەکەی دیکارت و لۆك (پیشرەوی هیوم)، فەلسەفەکەی دیکارت بەرامبەر بە هیگل و، فەلسەفەکەی مارکس "ئەو زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بوونگەرایی سیستمیکی میملە کە لە پەنا دونیای زانیندا دەژی و سەرەتا لەگەلیدا ناتەبا بوو و بەلام ئیستا دەیەوێ لەگەلیدا جووت بیت". هەر زووش ئەنجامگیریی ئەوەی کرد کە "مارکسیزم لە ئایدیادا مرۆڤ رادەکیشیت، لە کاتیکا بوونگەرایی بە دوای مرۆڤەوەیە لە هەر کوییەك بیت، لە سەر کاری، لە ژیانیدا و لەسەر شەقام".

لە سالی ١٩٥٢دا سارتەر بوو بە مارکسیست، بەلام لەبەر ئەوەی هەر وەکو جاران تاکگەرابوو؛ نەبوو بە ئەندامی هیچ حیزبیك و "من لەو بروایەدام کە کۆمۆنیستەکان مارکسیزمی راستەقینەیان لەسەر رەوتی ئەسلیی خۆی لاداوەو شیواندوویانە". ئەو کە پیشتر بە شۆرشگیریك لە بواری فەلسەفەدا لە قەلەمدەدرا، وای لیهات بوو بە فەیلەسووفیك لە بواری شۆرشدا.

بـه دریژایـی ئـەو سـاڵانه بزاوتــه توندرەوەكـانی سەرانسـەری دونیـا سـوودیان لـە نووسـینەكانی ئـەو دەبینــی. ئــەو وتــاری شۆرشــگیرانەی ســەبارەت بــە مەسەلەكانی رۆژ هەبوو. لە ئـەمریكای باشـووردا، لـە ئـەفریقیادا كـە خـەریك بـوو لـە كۆتـی ئیمپریــالیزم رزگــاری دەبــوو، تەنانــەت لــە چینــی ماویشــدا، بــە شـــەوقەوە كتیبـــەكانی ســـارتەر دەخوینرانـــەوەو رۆشــنبیرەكانی ئــەو ســەردەمە گفتوگۆیــان لەســـەر بۆچوونـــەكانی دەكـــرد. ئـــەو ســـەفەری كـــرد بـــۆ روسیا و ئەوروپای خۆرهەڵاتی كۆمۆنیست و هەولیدا پـــەرە بـــە بـــیرو را شۆرشـــگیرەكانی و ئـــازادیی بوونگەرایانـە بـدات. هــەم گروپـە ئازادیخوازەكـان و هــەم كەســانی دەســەڵاتدار ســـوودیان لـــە بـــیرو بۆچوونــەكانی ســارتەر دەبینــی و یــان بــە خــراپ پراكتیزەیان دەكرد.

هەمیشـە لیكدانــەوەكانی ســارتەریش بـۆ دۆخـە سیاســـیەكان، پەیوەندییـــەكی لاوازیـــان بەراســـتییە سیاسیەكانی ئەو رۆژگارەوە هەبوو، ئەو كـاتیش هـەر ئایدیاكان خالی هیزی ئەو بوون. لەمەشدا بە چاكی هەست بە بوونیكی بیهوودە لە دونیایەكی بێ مانـا و پووچدا دەكرا.

بەڵام ناشتوانین چاومان لە ئاستی ئازایەتیی هەلویست وەرگرتنەکانیدا بنووقینین. هەلویستی راست و دروست و سادە بینانەی ئەو لە کاتی شەری سەربەخۆیی جەزائیردا (دژ بە فەرەنسا) بووە هۆی ئەوەی لە لایەن راستە توندرەوەکانی فەرەنساوە دووجار هیرش بکریتە سەر ئاپارتمانەکەی. جاریکی تریش کە بە خۆی و مایکرۆفۆنیکەوە لەسەر کارتۆنیك سابوونی نزیك کارگەیەك وەستا بوو کە لە لایەن کریکارانەوە دەستی بەسەردا گیرا بوو، دەربارەی یەکیتی و یەکپارچەیی وتاری دەخویندەوە، پۆلیسی چەکداری فەرەنساش لەبەردەم دەرگاکانی کارگەکەدا لە هیرشکردندا بوون. بەڵام نە پۆلیس و نەکریکاران گوییان بە وتارەکەی نەدەدا کە تیایدا ئەو رووداوەی شیدەکردەوە. دواتر لە ریی رۆژنامەکەی خۆی "سەردەمی نویٚ"وە بوو کە دەنگی بە فەرەنسا و ئەوروپا و بگرە بە هەموو دونیا گەیشت.

سارتەر لەگەڵ دی بۆڤوار دا سەردانی کاسترۆیان کرد، هەروەها سەری لە پراگیش دا کە لە لایەن رووسەکانەوە داگیر کرا بوو و لەگەڵ فەرماندەی سوپای سووری چینیشدا چای خواردەوە. پاش

گەرانـەوەی بـۆ پـاریس سـەرلەنوێ لەسـەر نووسـین بـەردەوام بـۆوە، ئـەمجارەیان دەرمـانیکی بـە هـێزی بـەکاردەهینا کـە پییـان دەوت کوریـدان. بـەرەنجامی ئەم نووسینانەی چەند کتێبێکی جیاواز بوون کە پڕ لـە جۆرەهـا بـاس و توێژینـەوەی دیالـەکتیکی و مارکسیستی بوون.

دوا کـاری نیمچـە فەلسـەفیی سـارتەر (رەخنـە لـە ئەقلی دیالەکتیکی) بوو کـە بەناونیشـانی (گـەران بـە دوای میتۆدا) بۆ ئینگلیزی تەرجەمـە کـراو لـە سـالی ١٩٦٠دا بلاوبـۆوە. ئـەو لـە پـتر لـە حەوتسـەدو پـەنجا لاپـەرەدا هـەولی دا کـە پـەیوەندیی خـۆی لەگـەڵ مارکسیزمدا روونبکاتەوە: "من لەو بروایەدام کە بە تەنـها ئاقـاریکی میژوویـی دەتوانـێ مـرۆڤ پیناسـە بکـات". رەخنـەی جەبرگەرایانـەی میژووگـەرایی مارکسیستی سەبارەت بە گۆرانی ژیار و شیکردنەوەی دیالـەکتیکی بـۆ رووداوە میژووییـەکان کـە بـەلای سـارتەرەوە گرنـگ بـوون، لـە بـیر و راکـانیدا رەنگیاندایـەوە. ئـەو هـەر بـە مارکسیسـتی مایـەوە، بەلام مارکسیستیك لە جۆری خۆی. لە لایەکی تـرەوە مارکسـیزمی کلاسـیك لـە پراکتیکیـدا لـە دۆخـە تایبەتییە میژوویی و جوگرافی و ئـابووری و هتـد..

ەکاندا بـە بنبەسـت گەیشـتبوو. رەخنــەی سـەرەکیی سارتەر لە مارکس ئەوە بوو کە ئەو نـەیتوانیبوو بـە رادەی پیویسـت بایـەخ بــە مەسـەلەی دەگمــەنی (یــا دانسقەیی) بدات.

ئـەو بـڕوای وا بـــوو کــە هــەموو پەیوەندییــە مرۆییــەکان لــە ژێـر حوکمــی دەگمەنیــەکاندان. تەنانــەت ئــەو کاتانــەی کــە وادیتــە بــەر چــاو کــە زۆری لـــــە بەرهەمهینانیشــــدا لــــە ئارادایـــــە دیسـانەوە دەگمـەنی لـە شـیوەی کـەمی سـەرفکەردا خـــۆی دەردەخـــات. تـــا ئیســـتاش یەکـــەمین یاسـای سروشـت "بکـوژە یـان لـە برسـانا بمـرە" بــەو هــیز و تینـــەی جارانیـــەوە مـــاوە. تەنانـــەت ئــەو تونـــدو تیژییـــەی کـــە دەگـــۆڕێ بـــۆ ململانـــێ (یـا نـاکۆکی) بـە "کـــەمیی بـــە دەروونـــی کـــراو" دەژمیردرێ.

لـە تـەواوی نووسـین و تویژینـەوەکانی سـارتەردا، کـە هــەندێ جـار بـێ مانـا دەهاتنـە پیشـچاو، ئــەو هەلکەوتووییەی جارانی دەبیــنرا، بـە تایبـەتیش لـەو شـانۆنامانەدا کـــە نووســـیونی. لـــەم شـــانۆنامانەدا هەمیشه سارتەری هونەرمەند لە سـارتەری رۆشـنبیر باشـتر بـووە. لـەم کارانــەدا دوژمـــن، چ تیرۆریســـت

بووبیت و چ ئەشکەنجەدەر بە زۆری بووە بە پالەوانیکی تراجیدی کە دوچاری تەلەزگەیەك بووەو ریی هەلاتنی نەماوە. ئەو سەبارەت بەو کارەی خۆی کە دەیکرد زۆر هۆشیار بوو و بەرپرسیاری کارەکانیشی بوو، بەلام سەبارەت بە کاری کەسانی دی نەیدەتوانی لەوە زیاتر بکات. هەروەکو رەخنە نووسی دیاری سارتەر "فیلیپ تۆدی"یش دەلیت: "ئەو کەسانە (واتە ئەو پالەوانانەی کارەکانی سارتەر -و.کوردی-) قوربانیی کارەکانی خۆیانن و لە ریی ئامانجەکانی خۆیانەوە لە خاچ دەدرین... ئەوانە کۆمەلیك زیندانین لە پشت شیشەکانی میژووەوە، کە جگە لە خۆیان کەسیکی دی لە سیدارەیان نادات".

ئەم قوربانیانە "دوا نوینەری هەستیارییەکانی مەسیحیکن لە دونیایەکدا کە خواوەندی تیا مردووە. نە میژوو و نە خۆشەویستی، ناتوانیت جیی ئەو خواوەندە بگریتەوە".

لە سالی ١٩٦٤ دا خەلاتی نۆبلی ئەدەب بە سارتەر بەخشرا. ئەم خەلاتەش بۆ ژیاننامەی سەردەمی منالیی (واتە "وشەکان") بوو، نەك بۆ نووسینە فەلسەفی و سیاسیەکانی. ئەو لەو باوەرەوەی کە

نووسەر نابێ ریبدات دەزگاکان لەسەر ریی خۆی لایبدەن؛ خەڵاتی نۆبلەکەی وەرنەگرت و رەتی کردەوە.

ئەو گەرچی بە دەست نەخۆشییەوە دەینالاند، بەڵام لەسەر نووسینی وتاری جۆراوجۆر دەربارەی مەسەلە سیاسیەکانی رۆژ لە گۆڤارەکەی خۆیدا هەر بەردەوام بوو. تەنانەت رابەرایەتیی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقامەکانی دەکرد. راستڕەوەکان دروشمی "سارتەر بکوژن" یان بەرزدەکردەوە. پۆلیسیش دەیویست بیگریت و فریی بداتە زیندانەوە، بەڵام ئەو لە دادگادا هاورییەکی هەبوو: سەرۆك دیگۆل. ئەو سارتەری بە "گەورە پیاوی میژوو" ناو برد و وتی: "ئیوە ناتوانن ڤۆلتیر زیندانی بکەن". بەڵام ئەو لەو رۆژەدا چیدی ڤۆلتیر نەبوو. ئاقارگەلیکی وەکو بونیادگەرایی و پاشنویگەرایی (پۆست مۆدیرنیزم) و هەروەها کەسانیکی وەکو رۆلان بارت و جاك دیریدا و میشیل فۆکۆ پەیدا بوو بوون. گەرچی ئەمانە لەچاو سارتەردا گرگن دەهاتنە بەرچاو، بەڵام پاریس هەمیشە مەلبەندی مۆد بووە.

ئەمانە دوا مۆدی رۆشنبیریی لیفت بانك بوون و ئیدی سارتەر و بیر و باوەڕەکانی ببوونە کلاویکی کۆن.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا سارتەر باجی ئەو کاتانەی دا کە تیایدا جۆرەها دەرمانی کیمیایی دەخوارد. ئەو ماددانەی کە جاران وایان لێ دەکرد لە هەمووان چالاکتر بیت و لە هەمووان سەختتر ژیان بەریتە سەر، دواتر بووە مایەی ئەوەی لەبەرچاوی دی بۆڤوار و ئەو بوونگەرا لاوانەی کە قاڵ و تۆکمە تر بوو بوون؛ لاواز و لاوازتر بیت، تا ناچار بوو واز لە هەموو سەرقالییەکانی بینیت، لە دەرمانەکان، لە نووسین، لە مەشروب و جگەرە و ژن. تا سەرەنجام لە ١٥ی ئەپریڵ (نیسان)ی ١٩٨٠دا و لە تەمەنی ٧٤ سالیدا بۆ دواجار چاوانی لیك نا.

لە ریو رەسمی ناشتنەکەیدا کە دوای مردنی بە چوار رۆژ سازکرا، پتر لە بیست و پینج هەزار کەس لە پاریسدا بەشدارییان کرد.

لەم ریو رەسمەدا خەلکەکە بە ریپیوان لە کارتیەلاتینی پاریسەوەو بەبەردەمی ئەو قاوە

خانانەدا ڕۆیشتن کـە سـارتەر باشـترین نووسـینەکانی خۆی تیایاندا نووسیبوو. حورمەتشکێنترین کەسانی دونیا هاتبوون تا ڕیز لە حورمەتشـکێنترین پاڵـەوانی خۆیان بگرن.

## هەلبژاردەیەك لە نووسینەكانی سارتەر

- مرۆڤ مەحكومە بە ئازادی.

كتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"

- دونیای روونكردنەوەو بەلگەكان مەرج نییە بە پیویست دونیای بوون بیت.

رۆمانی "هیلنج"

- خالی سەرەكی ئیمكانی بوونە. بە واتایەكی دی بە پیی پیناسە مەنتیقیەكان بوون پیویست نییە. بوون واتە "لەوێ بوون". ئەو شتەی كە بوونی هەیە بە سادەیی دەردەكەوێ و دەهیلیت روو بە رووی بیتەوە. ناشكرێ هەرگیز پاساوی بۆ بهینریتەوە.

"هیلنج"

- یەكەمین كاریگەریی بوونگەرایی ئەوەیە كە مرۆڤ بە خاوەنی خۆی دادەنیت و پاشانیش تەواوی بەرپرسیاریتیی بوونی دەخاتە ئەستۆی خۆی.

كتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"

- ناكرێ کەسیك حوکم بەسـەر کەسیکی تـردا بـدات. بوونگـەرایی سـڵ لـەمجۆرە حوکمدانانـە دەکاتـەوە. بوونگـەرا هـەرگیز مرۆڤیـك ناکاتـە ئامانجیك بۆ حوکمدان، لەبەر ئەوەی شوناسی مـرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە.

کتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"

- بوونگەرایی بیباوەر، کەوا دانـراوە مـن نوینـەری بم، بڕوای وایە کە ئەگەر وا قەرار بیت خواوەنـد نـەبیت، بە تەنها یەك بوونـەوەر هەیـە کـە بوونـی بـەر لـە خـودی دیتـە دی -بـەو مانایـەی کـە بەرلـەوەی پیناسـە بکـرێ، بوونی هەیە کە ئەویش مرۆڤە- یان هـەر وەکو هایدیگەر دەلیت راستیی مـرۆڤ... مـرۆڤ بـەر لـە هـەموو شـتیك بوونـی دەبیـت، لەگـەڵ خۆیـدا رووبـەروو دەبیتـەوەو دەکەویتە نیو دونیاوە- پاش هەموو ئـەم قۆناغانـە خـۆی دەناسـینیت (یـان پیناسـە وەردەگریـت -و-)، مـرۆڤ لـە سەرەتادا قـابیلی پیناسـەکردن نییـە، لەبەرئـەوەی ئـەو لـە سەرەتادا هیچە. دواتـر قـابیلی پیناسـە کـردن (یـا ناسـین) دەبیت و دەبیتە ئـەو شـتەی کـە لـەخودی خـۆی دروسـتی کردووە.

کتیبی "بوونگەرایی و مرۆگەرایی"

- بـوون هـەمان ئـەم دونيايەيـە – ئـەويتر... نـەبوونى هـەمان راسـتيتيى مرۆييـە. نـەفيكردنيكى راديكـال كـە لـە رييـەوە دونيـا ئاشـكرا دەبيـت.. راسـتيتيى مـرۆڤ هــەمان ئـەو شـتەيە كـە دەبيتـە مايـەى ئـەوەى ئـەم (نـەبوون)ە لـە دەرەوەى (بـوون) هەبيت.

كتيبى (بوون و نەبوون)

- هۆشـياری خـاليبوونيكى تـەواوە (لەبـەر ئەوەى كە دونيا بە تەواوى لە دەرەوەى ئەودايە).

كتيبى (بوون و نەبوون)

- كردەوەكـانى مـن دەبنـە مايـەى ئـەوەى كـە بەهاكان وەكو كۆتر بەرەو دەرەوە هەلفرن.

كتيبى (بوون و نەبوون)

- مرۆڤ سۆز (عاتيفە)يەكى بيهوودەيە.

كتيبى (بوون و نەبوون)

- دۆزەخ ئەوانى ترە.

شانۆنامەى -دەروويەك نىيە-

## کرۆنۆلۆژیای رووداوە فەلسەفیە گرنگەکان

| | |
|---|---|
| سەدەی ٦ی پ.ز | سەرەتای فەلسەفەی خۆرئاوا بە بیرو راکانی تالیسی مالتی دەستپیدەکات. |
| کۆتایی سەدەی ٦ پ.ز | مردنی فیتاگۆرس. |
| ٣٩٩ پ.ز | لە ئەسینا حوکمی مەرگ بەسەر سوکراتدا دەدرێ. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون لە ئەسینا ئەکادیمیاکەی خۆی دادەمەزرینیت، کە بە یەکەم زانکۆ دادەنرێ. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ لە ئەسینادا خویندنگەی لیسەووم دادەمەزرینیت کە کیبەرکێ لەگەڵ ئەکادیمیادا دەکات. |
| ٣٢٤ پ.ز | "کۆنستانتین"ی ئیمپراتۆری رۆما، ئیمپراتۆریەت بۆ شاری |

| | |
|---|---|
| | بیزەنتە دەگویزیتەوە. |
| ٤٠٠ ز | سانت ئۆگستین کتیبی "دانپیانانەکان" دەنووسیت، فەلسەفەش دەبیتە شتیکی ئەستەم لە تیۆلۆجیای مەسیحیدا. |
| ٤١٠ ز | رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما لەسەر دەستی ڤیزیگتەکان و سەرەتای چاخە تاریکەکان. |
| ٥٢٩ ز | داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، کە ئەمەش نیشانەی کۆتایی چاخی دانایی یۆنانە. |
| ناوەراستی سەدەی ١٣ | تۆماس ئاکویناس راڤەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنووسیت. چاخی فەلسەفەی سکولاستیك. |
| ١٤٥٣ | کەوتنی بیزەنتە لەسەر دەستی تورك و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتە. |
| ١٤٩٢ | کریستۆف کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. چاخی رینیسانس لە |

شـاری فلۆرەنسا و سـەر لـە نـویێ زیندوو کردنەوەی دەستوورەکانی یۆنان.

١٥٤٣ کۆپـــــەرنیکۆس کتیبــــــی "دەربـارەی سـوورانەوەی هەسـارە ئاسمانیەکان"ی بلاو کردەوەو لـە رووی ماتماتیکیشـەوە سـەلماندی کـــە زەوی بـــە دەورە خـــۆردا دەسووریتەوە.

١٦٣٣ کلیسا گالیلۆی ناچار کرد کە بە رەسمـــی نکوولـــی لــــە تیـــۆرەی سەنتەربوونی خۆر بکات.

١٦٤١ دیکـارت "رامانــەکان"ی خــۆی بلاو دەکاتەوە.

١٦٧٧ کتیبی "ئاکار"ی سپینۆزا پاش مــــەرگی خـــۆی مۆلــــەتی بلاوکردنەوەی دەدریتێ.

١٦٨٧ نیوتن کتیبی "بنەماکان" بـلاو دەکاتەوەو تیایدا باس لە چەمکی کیشکردن دەکات.

١٦٨٩ لۆك "نامەیــــەك دەربــــارەی

تیگەیشتنی بەشەر" بە چاپ دەگەیەنیت. سەرەتای چاخی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی.

١٧١٠ بیرکلی کتیبی "بنەماکانی زانستی مرۆیی" بلاو دەکاتەوەو ئەزموونگەرایی بەرەو سنووریکی نویتر دەبات.

١٧١٦ مەرگی لایبنیتز.

١٧٣٩-١٧٤٠ هیوم "نامەیەك سەبارەت بە سروشتی مرۆیی" بلاو دەکاتەوەو ئەزموونگەرایی بەرەو سنووریکی مەنتیقیتر دەبات.

١٧٨١ کانت کە لە ریی "هیوم"ەوە لە خەوی دۆگمای خۆی بە ئاگا هاتۆتەوە کتیبی "رەخنە لە ئەقلی پەتی" بلاودەکاتەوە. چاخی شکۆمەندی میتافیزیکای ئەلمانیا دەستپیدەکات.

١٨٠٧ هیگل کتیبی "فینۆمینۆلۆجیای رۆح" بلاو دەکاتەوە، کە لووتکەی

میتافیزیکای ئەلمانە.

١٨١٨ شۆپنهاوەر کتیبی "جیهان وەکو ئیرادەو وینا کردن" بڵاو دەکاتەوەو لە میتافیزیکای ئەلمانیدا فەلسەفەی هیندی دەخاتە روو.

١٨٨٩ نیچە لەگەڵ راگەیاندنی ئەوەدا کە "یەزدان مردووە" لە شاری تۆرینۆ دوچاری شیتی دەبیت.

١٩٢١ ڤیتگنشتاین "نامەی مەنتیقی - فەلسەفی"ی خۆی چاپدەکات و لافی ئەوە لیدەدات کە دوا ریگەچارەی کیشەکانی فەلسەفەی دۆزیوەتەوە.

دەیەی ١٩٢٠ ئەلقەی ڤیەننا بانگەشە بۆ پۆزیتیڤیزمی مەنتیقی دەکات.

١٩٢٧ هایدیگەر کتیبی "بوون و زەمەن" چاپدەکات کە باس لە جیابوونەوەی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات.

١٩٤٣ سارتەر بە بڵاو کردنەوەی

کتێبی "بوون و نەبوون" بیرو راکانی هایدیگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت) دەخاتە روو.

١٩٥٣ بڵاوبوونەوەی کتێبی "لێکۆڵینەوەی فەلسەفی"ی ڤیتگنشتاین پاش مەرگی خۆی. لووتکەی قۆناغی شیکاریی زمان (یان زمانشیکاری).

## رووداوە گرنگەکانی ژیانی سارتەر

١٩٠٥ لەدایکبوونی جان پۆڵ سارتەر لە پاریس.

١٩٠٦ باوکی کۆچی دوایی دەکات.

١٩١٧ دایکی سارتەر شووی بە (جۆزیف مانسی) کردەوەو سارتەریش لەگەڵیاندا چوو بۆ لاروش.

١٩٢٠ گەرانەوەی سارتەر بۆ پاریس.

١٩٢٤ چوون بۆ قوتابخانەی نۆرماڵ

سوپەریڤەر.

١٩٢٩ سیمۆن دی بۆڤوار دەناسیت. لە دوا تاقیکردنەوەکانی بەشی فەلسەفەدا یەکەم دەبیت.

١٩٣١ لە لۆهاڤەر دەست بە وانە وتنەوە دەکات.

١٩٣٣ سالیك لە بەرلین دەژی.

١٩٣٨ رۆمانی (هیلنج) بلاو دەبیتەوە.

١٩٣٩ بلاوبوونەوەی (تیزیك بۆ تیۆرەی هەلچوونەکان) کە یەکەمین کاری فەلسەفەیی رەسمیی ئەو بوو. دووەم جەنگی جیهانی دەستپیدەکات کە لەم دەستپیکردنەیدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانیت. بۆ سەربازی بانگ دەکریّ و لە یەکەیەکی کەشناسیدا دەست بە خزمەت دەکات.

١٩٤٠-١٩٤١ وەکو دیلی جەنگ دەگیردریّ.

١٩٤٣ بلاوبوونەوەی کتیبی (بوون و نەبوون) کە گرنگترین کاری فەلسەفیی ئەوە.

١٩٤٤ یەکەمین گۆڤاری خۆی بە ناوی لە تان مودیرن (سەردەمی نوێ) دەردەکات.

١٩٤٥ بڵاوبوونەوەی (بوونگەرایی و مرۆگەرایی). دووەمین جەنگی جیهانی کۆتایی دیت. سارتەر وەکو یەکەم راڤەکاری بوونگەرایی لە جیهاندا ناوبانگ دەردەکات.

١٩٥٢ سارتەر دەبێ بە مارکسیست.

١٩٦٠ لە چاپدان و بڵاو بوونەوەی کتیبی (رەخنە لە ئەقلی دیالەکتیکی)

١٩٦٤ لە چاپدان و بڵاو بوونەوەی ژیاننامەکەی، واتە (وشەکان) کە لەسەر ئەوە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی پێ دەبەخشرێ، بەڵام ئەو بەپیی بیروبۆچوونەکانی خەڵاتەکە رەتدەکاتەوە.

١٩٨٠ سارتەر لە تەمەنی ٧٤ سالیدا کۆچی دوایی دەکات. ریورەسمی ناشتنی گۆرا بۆ خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان.



**سارتەر بە منالی**



سارتەر و دایکی



سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار



پیکاسۆو کامۆو سارتەر



لەگەڵ کاسترۆدا



**سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار**

**لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا**




بەرگی رۆمانی (هیلنج)




بەرگی کتیبی (بوون و نەبوون)




**گۆڕەکەی سارتەر**

# هەندێ کتێبی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوە


- *Annie Cohen – Solal, sartre, 1905-1980 (Schoenhof).*
- *Ronald Hayman, Sartre: A Biography (Caroll and Graf, 1992).*
- *Jean – Paul Sartre, Being and Nothingness, trans.*
  *Hazel E. Barnes (pocket Books, 1993).*
- *Jean – Paul sartre, Existentialism and Human*
  *Emotions (Carol Publishing Group, 1971).*
- *Jean – Paul Sartre, Nausea, trans. Lioyd Alexander*
  *(New Directions, 1959).*
- *Jean – Paul Sartre, The words (Vintage Books, 1981).*

**ئەم كتيبە لە رووی دەقە فارسیەکەوە**
**کراوە بە کوردی کە ئەمەیە:**

*آشنایی با سارتر*
*پل استراترن - ترجمه: زهرا آرین*
*نشر مرکز - تهران - ١٣٧٩ (٢٠٠٠)*

***sartre in 90 minutes***
***paul Strathern***
***first Edition – 1998***

## کتیبە چاپکراوەکانی تری وەرگیر

بەکوردی:

• چاوەکانی (رۆمان)_بوزورگی عەلەوی

• نەورەس (کورتە رۆمان)_ریچارد باخ

• خەونیك لەوڵاتی پیاوە بچکۆلەکاندا (کورتە چیرۆکی جیهانی)

• بەناوی ژیانەوە( چاپی یەکەم ١٩٩٧) ئەریك فرۆم

• شۆرش یا ریفۆرم (گفتوگۆ لەگەڵ مارکۆزو پۆپەردا)

• پیدرۆ پارامۆ (رۆمان)_خوان رۆلفۆ_(بەهاوکاری لەگەل ریبوار سیوەیلیدا)

• چەند ویستگەیەکی فیکریو ئەدەبی(وتار و باسی فیکری و ئەدەبی)

• تریفەی تەنیایی (ژیانو شیعری سوهراب سپهری)

• تورکیا لەسەردەمی گۆراندا _محەمەد نورەدین

• لەگەل ئەقلی خۆرئاوادا (چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفیو ئەدەبی)

• نیچە _ پۆڵ ستراتیرن

• ژنی لەبەردەم وەرزیکی ساردا (ژیان و شیعری فروغ فەروخزاد)

بەعەرەبی:

• مضيــق الفراشــات (قصيــدة طويلــة للشــاعر الكــردى شيركو بيكه س)

ترجمة أزاد البرزنجي، دار الرازى -بيروت- لبنان.

• عار تماما كالماء (مختـارات شـعرية لـدلاوةر قرةداغـى)- ترجمــةأزاد الــبرزنجي، دار الطليعــة الجديــدة - ســـوريا - دمشق.

• سفرالروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكه س) - ترجمةأزاد البرزنجي، دارنينوى -دمشق -سوريا.

# زنجیرەی کتیبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

| ناوی کتیب | نوسینی | وەرگیرانی |
|---|---|---|
| ١–ژن لە شیعرو ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| ٢–نیچە | پۆل ستراتیرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣–سوری مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤–دیکارت | پۆل ستراتیرن | رەئوف بیگەرد |
| ٥–بیری ئاینی کۆن لە میزۆپۆتامیادا | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| ٦–ریبازەکانی رەخنەی ئەدەبی | دیاینی. دەچز. ئبرامز | عەتا قەرەداخی |
| ٧–ئایین و کەسایەتی | ل. پالس | ئاوات ئەحمەد |
| ٨–هەشت نامە | گۆنتەرگراس– کینزابۆرۆئۆ | شورش جوانرۆیی |
| ٩–ئانارشیزم | د. مستەفا رەحیمی | ریباز مستەفا |
| ١٠–کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد | ئارچی رۆزفلت | ئەکرەم قەرەداخی |
| ١١–دەربارەی دیالیکتیکی رۆشنگەری | موراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| ١٢–پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| ١٣–ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان لە رۆژئاوادا. | ئایزایا بەرلین | کامیل محەمەد |
| ١٤–هونەری نیگارکیشان.... | شمیدت دیجینەر | وەهبی رەسوڵ |
| ١٥–چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | سەلاح محەمەد |
| ١٦–ئایین، عەلمانییەت، فیندەمینتالیزم | محەمەد ئەرکۆن | شوان ئەحمەد |